# ئابووری پرتەقاڵی

**هۆشمەند رەفیق**

هەولێر، کوردستان

٢٠٢١

❖ ناوی کتێب:  ئابووری پرتەقاڵی
❖ نووسەر:  هۆشمەند ڕەفیق
❖ نەخشەسازی  بەرگ: موسلیم نەقاش
❖ نەخشەسازی ناوەوە: هۆشمەند ڕەفیق
❖ چاپی یەکەم: ٢٠٢١
❖ تیراژ:  ١٠٠٠ دانە
❖ نرخ: (٤٠٠٠)چوار هەزار دینار
❖ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(7) ساڵی ٢٠٢١ی پێدراوە.

- هەموو ئەوانەی نیشتیمانپەروەری راستەقینەی کردارین.
- ئەوانەی بە کردار دەیانەوێت چاکسازی لە هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵگە بکەن.
- ئەوانەی خەبات دەکەن بۆ ژێرخانێکی ئابووری بەهێز، تا تاکی کوردی ژیانێکی خۆشگوزەران لە ژێر ئاڵای کوردستان بژێت.
- بەو مامۆستایانەی فێرییان کردووم.

# ناوەڕۆک

پێشەکی........................................................ ٥
بەشی یەکەم: رەنگە ئابوورییەکان.............................. 7
هێمای رەنگی پرتەقاڵی.............................................. ٢٥
چەمکی ئابووری پرتەقاڵی........................................... ٢٩
چالاکییە هەمەجۆرەکانی ئابووری پرتەقاڵی...................... ٣٦
گرینگی ئابووری پرتەقاڵی........................................... ٤١
پیشەسازی رۆشنبیری.................................................. ٤٩
شەش کڵاوەکەی بیرکردنەوە......................................... ٦٣
نەوتی داهاتوو........................................................... ٦٦
بەشی دووەم: پێشەنگکاری داهێنەرانە ............................. ٧٤
پێشەنگکار................................................................ ٧٥
چەمکی داهێنان.......................................................... ٨١
هەنگاوەکانی گواستەوەی بیرۆکە بۆ دەرفەت...................... ٩١
پارەدارکردن و بە بازاڕکردن......................................... ٩٤
عەقڵیەتی کاری پێشەنگکاری........................................ ١٠٢
سوودەکانی بوون بە پێشەنگکار..................................... ١٠٣
هۆکارەکانی دروستکردنی پڕۆژەی بچووک......................... ١٠٩
چۆن بتوانین دوور کەوینەوە لە شکست........................... ١١٣
بەشی سێیەم: ئەزموونی وڵاتان...................................... ١١٤
سەرچاوەکان............................................................. ١٣٦

## پێشەکی

کتێبی ئابووری پرتەقاڵی، شەنوکەوی جۆرە ئابوورییەک دەکات کە ببێتە رایەڵەیەکی سەرەکی سەرچاوەی داهات بۆ تاکی کۆمەڵگەو هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی، بەمەش پێشەنگکار- کارساز بە تایبەت گەنج سەرچاوەی داهێنان و بیرۆکەی تازە دەبێت بۆ ئابوورییەکی داهێنەرانە، بە جۆرێک لە سێبەری ئەو چەشنە ئابوورییەدا تاک خۆکردانە هەلی کار دەرەخسێنێت، نەک بەدوای کاردا بگەڕێت، واتە ئابووری پرتەقاڵی جەخت لەسەر وەبەرهێنان لە توانا نوێیەکان و هزری تازەی ئابوورییانە دەکاتەوە بە پشت بەستن بە راکێشانی بەهرە ناوازەکان بە مەبەستی سەرمایەگووزاریکردن بۆ بە پیشەسازیکردنی فەرهەنگە هەمەجۆرەکان تا داهێنانە نا بەرکەوتەو رۆشنبیرییەکان بە بازاڕ بکات، میدیای پیشەگەریش بەرپرسیاریەتی بە یەکگەیاندن و لە یەکترنزیکردنەوەی داهێنەران و پیاوانی کار و بەرپرسانی ناوەندی بڕیار لە حکومەت دەکەوێتە ئەستۆ.

**هۆشمەند رەفیق**

**٢٠٢١/١/١**

## بەشی یەکەم

# ئابووری پرتەقاڵی

# تەوەرەی یەکەم

# ڕەنگە ئابوورییەکان

**ڕەنگە ئابوورییەکان**

ئابووریناسی ناوداری بەریتانی ئادەم سمث، یەک ڕەنگی بۆ ئابووری دانابوو، ئەوەش وەک هەر ڕژێمێکی ستەمکار وایە کە تەنها خۆی لە ئاوێنەدا دەبینێت، بۆیە ئەمڕۆ بۆچوونی ئابووریناسان بۆ ئابووری گۆڕاوە؛ چیتر تەنها بازاڕێک نییە بۆ کڕین و فرۆشتن، بەڵکو فەرهەنگی بەخشین و وەرگرتنە باوە، بۆ نموونە ئەمریکا دەیەوێت پیشەسازییەکانی لە باجی دەرەکی بپارێزێت وڵاتانی دیکەش وەک چین و ڕووسیا و تەنانەت ئەوڕووپاش بە دوای پاراستنی پیشەسازییەکانی خۆیانن لە باجی ئەمریکا، چارەسەرەکەش لە ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەدایە بیر لە بەرژەوەندی من بکەوە بۆ پاراستنی تۆ هەمووی ڕەش نییە، هەمووی سپی نییە، لە ماددەی وێنەکێشاندا فێر بووین کە ئاوازە ڕەشەکان وەک هەر ڕەنگێکی دیکەیە، بۆئەمەش ئابووریناسان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە ئابووری حەوت ڕەنگی هەبێت وەک: خۆڵەمێشی، ڕەش، سوور، سپی، قاوەیی، سەوز، شین، لەگەڵ چەندین بابەت و بنەما - لە کاتێکدا هەندێک ئاماژە بوون بە دوو ڕەنگی دیکە وەک: زیو، وەنەوشەیی، پاش بڵاوکردنەوەی ڕەنگی دەیەمین، کە پێشتر نەبینرابوو، هەرگیز نەبووە؛ ئەویش ڕەنگی زەرد

بوو، هەر وەک دکتۆر ئیسلام جەمالەددین شەوقی، شارەزای ئابووری میسری لە کتێبی(ألوان الأقتصاد العشرة) لە ساڵی ٢٠٢٠ باسی لە هەر (10) رەنگە ئابوورییەکە کردووە، بەمەبەستی ناسینەوەی جۆری ئابوورییەکان. بەڵام پێدەچێت ئەو شارەزا ئابوورییە میسریە بێ ئاگابێت لەوەی لە ساڵی 2013دا نووسەرانی کۆڵۆمبی(فیلیپ و ئیڤان) رەنگێکی دیکەیان هێناکایەوە بۆ جۆرێک لە ئابووری ئەویش رەنگی یازدەهەم بوو، رەنگی پرتەقاڵییە، هەرچەندە ئەو جۆرە ئابوورییە زیاتر لە وڵاتانی ئەمەریکا باشوور و ناوەڕاست بەکاردەهێنرێت، بەڵام بەپێی بۆچونی هەندێ شارەزای ئابووریش لە فەڕەنسا بۆ هەمان جۆری ئابووری، رەنگی وەنەوشەیی بەکاردەهێنن، کە رەنگە هاوشان لەگەڵ کاراکتەری کلاسیکی ڕۆشنبیری و هونەری فەرەنسیدا بووە، بۆیە ئەو ڕێکخراوانەی چالاکن لەم ڕەنگەدا یونسکۆ، یونیسێف، ڕێکخراوی گەشەپێدان و هاریکاری ئابووری، ڕێکخراوی فرانکۆفۆنی نێودەوڵەتی و چەند وەزارەتی پەیوەندیداری فەڕەنساو ڕێکخراوە مەدەنییەکان و یەکێتی ئەوروپا و پەرلەمانی ئەورووپاش و پشتگیری و و پاڵپشتی تایبەتیان بۆ ئەم ڕەنگە هەبووە.

لەو روانگەوە سەیری دەکەین بۆ ناسنیەوەی هەر وڵاتێک لەوڵاتێکی دیکە، یا پارت و ڕێکخراوی سیاسی و دامەزراوەی ئەکادیمی و دامەزراوەی دیکە، هەریەکە رەنگێکی تایبەت بە خۆی وەک هێمایەک بۆ ناسینەوە، بۆیە کارو چالاکیە ئابووریەکانیش ڕەنگی تایبەت بە خۆیان هەیە، تەنانەت جۆری ئابووری ڕەنگی تایبەت بە خۆی هەیە، لەبەر ئەوە ئەم بابەتە بۆ پۆلێنکردنی ئابوورییە یان بۆ ناساندنی ئابوورییە لە ڕێگای ڕەنگەکان، کە لێرەدا پۆلینی دەکەین بۆ(١١) جۆر بەمشێوەیە:

١. **ئابووری سوور- الاقتصاد الأحمر-** Red Economy

بریتییە لەو ئابوورییەی حکومەت هەموو بڕیارەکان خۆی دەیدات دەربارەی بەرهەمهێنان و دابەشکردن، ئەم جۆرە سیستەمە لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران پەیڕەو دەکرا، حکومەت خاوەنی هەرە زۆری هۆکارەکانی بەرهەمهێنانە بوو لە (زەوی،سەرمایە)، هەروەها ئاڕاستەکردنی هەڵسوکەوتی دامەزراوەکانی لە زۆربەی دامەزراوەکانی بەرهەمهێنانی بەدەستە، دەوڵەت خۆی کرێکار دادەمەزرێنێت و پێشیان دەڵێت چۆن کار بکەن، بڕیار لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی بەرهەمی نەتەوەیی دەدات

لەسەر کاڵاو خزمەتگوزارییە جۆربەجۆرەکان، بەکورتی لەم سیستەمەدا حکومەت وەڵامی هەموو پرسیارە ئابوورییە سەرەکییەکان دەداتەوە لەڕێگەی خاوەندارێتیکردنی دەرامەتەکان و توانای لە سەپاندنی بڕیارەکانی.

شایانی باسە یەکێک لە گەورەترین ئەو ڕەخنەنانەی ئاڕاستەی ئابووری سوور دەکرێت، بەڕێوەبردنی چالاکی ئابوورییە لەڕێگەی پلاندانانی ناوەندییەوە (کێشەی ناوەند)، ئەم خاڵە بنەڕەتییە کێشەیەی بەڕێوەبردنی دەوڵەتە، وڵاتێکی زەبەلاحی وەک چین لەکاتی ماوتسی تۆنگ یان یەکێتی سۆڤیەت دەبوایە بۆ بچوکترین بڕیار فەرمانی پایتەختی لەسەر بێت.

## 2.**ئابووری قاوەیی- الاقتصاد البني-** Brown Economy

بریتییە لەو ئابوورییەی، گەشەکەی پشت بەو چالاکیانە دەبەستێت کە تێکدەری ژینگەن و ژەهر دەخەنە ئاوو هەواو خاک، ئەو چالاکیانەش پشت بە وزەی وەک: خەڵووز و نەوت و گازی سروشتی دەبەستن، لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو ووزانەش دەبێتە هۆی دەردان و دروستبوونی گازی

دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن و میسان، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دروستبووی دیاردەی قەتیسبوونی گەرما،وەک پیشەسازی چیمەنتۆ و دروستکردنی ووزە لە نەوت و خەڵووزی بەردین و گازی سروشتی،پاشماوەی ئۆتۆمبێل ،ئاسن، زۆرجار پێی دەگوترێت پیشەسازییە پیسەکان.

### 3.ئابووری سپی- الاقتصاد الأبيض- White Economy

بۆ یەکەمجار نووسەری بەریتانی (پرۆفیسۆر دۆگلاس ماکویلیامس–Douglas McWilliams) لە ساڵ ٢٠١٥ کتێبێکی بەناوی(The Flat White Economy)لە لەندەن بڵاوکردەوەو ئاماژەی بە چەمکی ئابووری سپی کرد، باسی ئەوەی کرد کە ئابووری سپی واتە ئابووری ژمارەیی کە چۆن ڕۆڵی هەیە لە پێشخستنی لەندەن و دوارۆژی شارەکە لە خێراکردنی گەشەی ئابووری و ڕەخساندنی دەرفەتی کار و بەتایبەتی لە ڕێگەی فرۆشتن بە ئینتەرنێت و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندیەکان و بازرگانی ئەلیکترۆنی و خوێندنی ئەلکترۆنی وخزمەتگوزاری بەنکی و مامەڵەی ئەلیکترۆنی کاغەزی دارایی وەک پشک و قەواڵە. هەرچەندە هەندێکی دیکە چەمکی(زەوی تەختە نەک خڕ)یان

بەکارهێنا، دوای ئەو سەرکەوتنەی تەکنەلۆژیاو زانیاری و گەیاندن لە نزیکردنەوەی سنوور و کات لە نێوان وڵاتانی سەر زەوی. بەهۆی بەناوبانگترین خواردنەوەی قاوە لە نێوان عاشقانی مۆسیقای جاز لەسەرتاسەری جیهاندا کە چۆن ئابووری دیجیتاڵی لەندەن و شارەکانی تری ئایندە دەگۆڕێت، بازرگانان لە دەوروبەری ئەو کۆمپانیایانە دەست پێدەکەن چ لە چێشتخانەو چ لەقاوەخانەکاندا. ئابووری سپی ئیشەکانی لەندەنی دوو هێندە کردووە و زۆر بە خێرایی گەشەی کردووە، بە تایبەتی لە ڕێگەی بازاڕکردنی سەرهێڵەوە. ئەو ئابوورییە گرنگترین بزوێنەری ئابووری بەریتانیایە و زاراوەکە لەکاری دیجیتاڵ و داهێنەرانە پێکهاتووە کە لە دەوری ناوچەکانی چوار گۆشەی سلیکۆن لە باکووری خۆرهەڵاتی لەندەن کە هونەرو کەیفخۆشی و توێژینەوەو گەشەپێدان و ڕیکلام و توێژینەوەی بازاڕو پەیوەندی دوور لە خۆ دەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ لە پسپۆڕان بە ئابووری دیجیتاڵیش ناوی دەبەن. گرنگی ئابووری سپی لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی کۆڕۆنادا زیاتر بووە، بە تایبەت لە کاتی کەرەنتینەکاندا، لەئەنجامی ئەو گۆڕانکارییەی کە لە

ئابوورییەکی بەرجەستەی فیزیکییەوە بۆ ئابوورییەکی دیجیتاڵی بەرجەستە کە تێیدا دەست دەکرێت بە بەکارهێنانی سەرمایە ئابوورییە مەعریفییەکان.

### ٤.ئابووری خۆڵەمیشی- الاقتصاد الرماديGray Economy

بە "ئابووری نافەرمی" دەژمێردرێت، کە بە (هەموو چالاکییە ئابوورییەکان کە لەلایەن تاک یان دامەزراوەکان لە ئامارە فەرمییەکاندا ئەنجام دەدریت)، پێناسە دەکرێت؛. ئابووری نافەرمی، کەرتی نافەرمی ئابووری، یان ئابووری خۆڵەمێشی بەشێکە لە ئابوورییەک کە باج نییە، لە لایەن هیچ ئۆرگانێکی دەوڵەتەوە کۆنترۆڵ ناکرێت و ئەگەرچی کەرتی نافەرمی بەشێکی زۆری ئابووری وڵاتانی پێشکەوتووی تێدا دروست دەکات، بەڵام زۆرجار وەک بێسەروبەری و نەبوونی بەڕێوەبردن دەلەرزێ. بۆ یەکەمجار زانای ئابووری (ئارتور لویس) بەکاریهێنا بۆ ئەو چالاکیانەی خۆیان دەدزنەوە لە باجدان و ئەو چالاکیانەی قازانجی گەورە بەدەست دەهێنن و دوورن لە چاودێری دەوڵەت، کە پێی وابوو نزیکەی ٤٠٪ بۆ٦٠٪ی چالاکی ئابووری وڵاتانی دواکەوتوو دەگرێتەوە، بەڵام هەرچی

ولاَتانی عەرەبیە ڕێژەی(٣٠% بۆ ٥٠٪) ئەو جۆرە پێک دەهێنێن، وەک چالاکی جامبازی لە دەرەوەی بازاڕە ڕێکخراوەکان و بەرتیل وەرگرتن و دەستخۆشانەی نایاسایی بۆ ئەو چالاکیانە و ناکەونە ناو ئاماری فەرمی دەولّەت، بەلّکو لە دەرەوەی چوارچیوەی یاسایی کار کاردەکەن بە ئاگاداری حکومەت یان بەبێ ئاگاداری حکومەت، نە ئابووری ڕەشن و نە ئابووری سپی لەو نێوەندەدایە، لەبەر ئەوە پێیان دەگوترێت ئابووری خۆلّەمێشی.

**٥.ئابووری ڕەش- الاقتصاد الأسود** Black Economy

ئەو چالاکییە ئابوورییانە دەگرێتەوە کە دەکەونە دەرەوەی بازنەی یاسایی، واتە چالاکییە ئابوورییە نایاسایەکان، زۆر جاران پێشی دەگوترێت ئابووری سێبەر یان ئابووری نهێنی یان ئابووری شاراوە وەک: بازرگانیکردن بە مرۆڤ و بەشەکانی جەستەی مرۆڤ و پارەی ساختەو پرۆگرامی دزراو و کۆپیکردنی نایاسایی و دزینی زانیاری کەسی و دارایی کەسەکان بۆ گەیشتن بە ژمارەی بانکی کەسەکان و بازرگانی چەک و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی مادده هۆشبەرەکان و بازرگانی دەرمان و

خۆراکی بەسەرچوو و دزی و ساختەکردنی بازرگانی.
ئابووریناسانی هیند لە(٣٥٪)سەرجەمی بەرهەمی ناوەخۆیی(هیند)یان بە ئابووری ڕەش ناوبرد وەک: لە کتێبی(تێگەیشتن لە ئابووری ڕەش و دارایی ڕەش لە هیند) هاتووە کە نووسەرەکەی (ئارۆن کۆمار)ە لە ساڵی ٢٠١٧.
هەموو بازرگانییەک کە لەدەرەوەی چوارچێوەی یاسا و ڕێساکان و دوور لە پێدانی باج دا دەگرێتەوە، ئەم جۆرە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بەربڵاوە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، لەو وڵاتانەی گەندەڵی و نەبوونی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بێکاری و باڵی کێشاوە زۆر چالاکە، ئەو جۆرە ئابوورییە بە سێ تایبەتمەندی سەرەکی دەناسرێتەوە: لایەنی نایاسایی، بەکارهێنانی سپیکردنەوەی پارە بۆ شێوەی یاسایی پارە، بۆ نموونە، لە ساڵی ٢٠١٨دا ئوسترالیا بڕی ٧٢ ملیار دۆلاری لە چالاکییە نایاساییەکانی دا ئاشکرا کرد کە بیتکۆبۆک-یان بەکارهێنا بۆ ئەوەی لە چاوی بەرپرسانەوە بیهێڵدرابێت نموونە هەرە دیارەکانی ئابووری ڕەش بریتین لە بازرگانیکردن بە مرۆڤ، دزینی زانیاری کەسی و دارایی (دەستڕاگەیشتن بە هەژماری بانکی و کارتی کرێدیت)، دەرمان، چەک، پارەی ساختە، نەرمەواڵەی بە نایاسایی کۆپی کراو.

## 6.ئابووری سەووز- الاقتصاد الاخضر- Green Economy

نەتەوە یەکگرتووەکان پێیوایە ئابووری سەووز-کەسک بریتییە لەو ئابوورییەی کە هەوڵدەدات جۆری ژیانی مرۆڤ باش بکات و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنێت، واتە گۆڕینی شێوەی بەکارهێنان و بەرهەمهێنانی پچڕپچڕ، بۆ شێوازی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی بەردەوام، هەوڵدەدات ڕەهەندەکانی پەرەپێدانی ئابووری بەردەوام بەدەست بهێنێت وەک: ڕەهەندی ئابووری و ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی و سیاسی. ئەو چەمکە وەک زاراوەیەک لە کاتی بەڕێوەچوونی (لوتکەی زەوی)دا لە ڕیۆ دی جانیرۆی بەرازیل لە ساڵی ١٩٩٢ دا دەرکەوت، ئاماژە بە هەژماری داهاتی نەتەوەیی و تۆڕی نەتەوەیی دەکاتئەو جۆرە ئابووریە کار دەکات بۆ کەمکردنەوەی دەرچوونی گازە زیانبەخشەکان کە دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و گۆڕانی کەشوهەوا، ئەو جۆرە ئابوورییە لە ژینگەی زەوییەوە وەرگیراوە، پشت بە سەرچاوە سروشتییەکان و بە تایبەت کشتوکاڵ و بەرهەمهێنان و بەکاربردنی خۆی دەبەستێت.

## 7.ئابووری شین- الاقتصاد الأزرق- Blue Economy

ئابووری شین وەک:بابەتێکی ئابووری دوای سەرکەوتنی گرینگیدان بە ئابووری کەسک دەرکەوت، دوای گەشەکردنی مانای ئابووری سەووزی پشت بەستوو بە ووزەی پاک،ئابووری شین بریتییە لە بەڕێوەبردنێکی گونجاو نموونەی سەرچاوەکانی ئاو لە رووبار و دەریاو زەریاکان بە شێوەیەکی بەردەوام و پارێزگاری لێکردنی لەپێناو نەوەی ئێستاو داهاتوو ئەو نازناوەش بۆ ئابووریناسی بەلجیکی(جونزپاول) دەگەڕێتەوە کە ساڵی ٢٠١٢ لە کۆنگرەی ژینگەی جیهانی لە ڕیۆدی جانیرۆی لە بەڕازیل بەکاری هێنا. لە ئابووری شیندا چەندین دەستپێشخەری دەرکەوتووە وەک: دووبارە بەکارهێنانەوەی تەپۆڵکەی زبڵ بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا و خواردنە زیادەکانی چێشتخانە دابەشکردنی بەسەر هەژاران(ئەمەش بە فیڕۆدانی داهاتی نەتەوەییە) و دووبارە پاککردنەوەی پاشەڕۆ بۆ ئەوەی گونجاو بێت بۆ ئاودێری یان خواردنەوە و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی "سیکڕاب" یان پاشماوەی کانزاکان لە بیناسازی و ئۆتۆمبێل و ئەوانی دیکە بۆ بەرهەمهێنانی کەلوپەلی نوێی بیناسازی و ئۆتۆمبێلی

گواستنەوە. مانا نوێیەکەی رەنگی شین ئەوەیە کە تەندروستتر و وردترە، پشت بە ئابووری دەریاو ڕووبارەکانی نەوت و گاز و سامانی خواردنە دەریاییەکان وەک ماسی، گواستنەوەی دەریا و ڕووبار و گەشتیاری دوورگە دەبەستێت.

**8.ئابووری وەنەوشەیی- الاقتصاد البنفسجي-** Violet Economy

بریتییە لە تەواوکاری لە نێوان ئابووری و ڕۆشنبیری بۆ پێدانی بەرگێکی مرۆیی بە جیهانگیری ئابووری بۆ گونجاندنی پەرەپێدانی ئابووری و بەردەوامبوونی گەشەپێدانی ئابووری، گرینگی بە بووژانەوەی ئابووری و پەرەپێدانی ڕۆشنبیری دەدات بە مەبەستی ڕزگاربوون لە قەیرانە ئابوورییەکان و ئاڕاستەکردنی ئابووری بۆ دواڕۆژێکی سوود بەخش و نوێکردنەوەی چالاکی بەرهەمهێنان. ئابووری وەنەوشەیی پەیوەندی هەیە بە بەهاو ڕۆشنبیری کۆمەڵگە وەک پێداویستییەکی مرۆیی، ئەمەش وادەکات لەیەکتێگەیشتن و هەماهەنگی باش هەبێت لە نێوان ڕۆشنبیری و ئابووری، لەبەرئەوەی ڕۆشنبیری یەکێکە لە تەوەرە یارمەتیدەرەکان بۆ پێشکەوتنی ئابووری

و گەیشتن بە ئامانجە ئابوورییەکان، ئەمە لە ساڵی ٢٠١١ لە ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەڕەنسی دەرکەوت لە کۆڕبەندی ئابووری بنەوشەیی لە پاریس کە لە لایەن یونیسکۆ و پەڕلەمانی یەکێتی ئەوڕوپا و کۆمیسیونی ئەورپاوە بەسترا، لەوێ ئاماژە بەکاری وەنەوشەیی کرا وەک: پلانی پەرەپێدان یان گۆڕینی خانوویەکی کۆن بۆ مۆزەخانە یان بەخشینی خەڵات و ڕێزلێنانی پەیوەندار بە بواری ڕۆشنبیری یان کاری ئەو دامەزراوانەی ڕۆڵیان هەیە لە پێشخستنی لایەنی ڕۆشنبیری، ئاماژە بە پیشەی وەنەوشەیی کرا وەک: پیشەی سەرچاوە مرۆییەکان یان پیشەی بە بازاڕکردن و پەیوەندییەکان، بە واتایەکی دیکە "بەها"ی هەموو کاڵا و خزمەتگوزارییەک، بێگوێدانە کەرتەکانی لە سەر بنەمای ڕەهەندی کلتووری خۆیان، یانی جیاوازی لە ئابووری ڕۆشنبیری و هونەر و گەشتوگوزار و کەیفخۆشیدا، هەروەها سەدەی ٢١ بە گۆڕانکاری ڕادیکاڵی دەستی پێکرد کە "ئابووری مەعریفە"ی گرتۆتەبەر، یانی کۆمەڵگەی مرۆیی داهاتوو لە خەمی سەرمایەی مرۆییدان، نەک گەڕانەوە بۆ بیری کۆمۆنیستی.

## 9. ئابووری زیویی- الاقتصاد الفضي - Silver Economy

بریتییە لە و ئابوورییەی کە تایبەتە بەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش دەکرێن بەو کەسانەی تەمەنیان لە ٥٠ ساڵ بەسەرەوەیە وەک: یانەکانی( وەرزشی،سەماکردن، هەڵپەڕکێ، شەوە ئاهەنگ و لایڤ میوزیک)و نەخۆشخانەو چاودێری کۆمەڵایەتی و پڕکردنەوەی پێداویستییە بەکاربەر و ژیان و تەندروستیەکانیان، لەوانە:(تەکنەلۆژیای پەیوەندی و زانیاریICT)، کەرتی دارایی، خانووبەرە، گواستنەوە، ووزە، گەشتوگوزار، ڕۆشنبیری، ژێرخان،خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی درێژخایەن...هتد. هەروەها پێشبینی دەکرێت کە بایەخدان بەم ڕەنگە ئابوورییە لە ماوەی ٣٠ ساڵی داهاتوودا زیاتر بێت، بەتایبەتی کە بەساڵاچووان نوێنەرایەتی بەشێکی گەورە و گەشەکردوو دەکەن لە زۆربەی بازاڕەکاندا، لە کاتێکدا ئەو کەرتەکە پڕن لە دەرفەتی هیوابەخش کە لە باری جەستەیی و لۆجستییەوە خواستەکانی دەستپێکردن بەدی دەهێنێت، بۆیە گەنجان دەتوانن سوود لەمە وەرگرن بە دروستکردنی ئەو پرۆژانەی کە ئەم کۆمەڵە تەمەنە بۆ خۆیان ڕادەکێشن.

## 10.ئابووری زەرد- الاقتصاد الأصفر- Yellow Economy

بریتییە لە و ئابوورییەی کە چالاکیەکانی پشت دەبەستێت بە ووزەی تیشکی خۆر واتە تیشکی خۆر سەرچاوەی سەرەکی وزەیە لەو ئابوورییە، ئەمەش ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە ئابووری ژینگە و وازهێنانە لەو وزانەی کە زیان بەخشن بۆ ژینگە وەک نەوت و خەڵوز و گازی سروشتی، واتە ئەو ئابوورییەی کە پشت بە وزەیەکی دۆستی ژینگە دەبەستێت بۆ جێبەجێکردنی کارو چالاکیەکانی.

## 11. ئابووری پرتەقاڵی- الاقتصاد البرتقالي- Orange Economy

ئەو جۆرە ئابوورییە، وەک چەمک بۆ یەکەمینجار لە لایەن نووسەران(فیلیپ بویتراگۆ ریستریپۆ( Felipe Buitrago Restrepo)و ئیڤان دۆکی مارکیز(Iván Duque Márquez) لە کتێبی(ئابووری پرتەقاڵی-دەرفەت سنووری نییە)

(La Economia Naranja -Una oportunidad infinita) باسکراوە، هەرچەندە ئەو چەمکە زێتر لە وڵاتانی کیشوەری ئەمریکای لاتینی باوە، بەو جۆرە ئابوورییە دەگوترێت کە پیشەسازی رۆشنبیری و یا پیشەسازی پارێزراو بەمافی خاوەنداریەتی دانان و بڵاوکردنەوە، یا پشت بە هزری تازەگەری و نوێگەری و داهێنان دەبەستێت لە پێناو

ڕەخساندنی هەلی کارو بە دەستهێنانی داهات، بەبێ ئەوەی مافی خاوەنداریەتی هزری پێشێلبکرێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئابووری هەرێمی کوردستان چەند ڕەنگی لەم ڕەنگانە تێدایە، دیارە ئابووری کوردستان زۆرێک لەم ڕەنگانەی تێدایە هەندێکیش زۆر گرینگن و دیارنیینە و نابینرێن لە ئابووری هەرێمی کوردستان، ئابوورییەکی ڕەنگاڵەی خۆڵەمیشی ڕەش خەریکە باڵ دەکێشێ بەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان لەبەر ئەوە دەستنیشانکردنی ڕەنگێکی دیاریکراو لەو قۆناغەدا بێڕەنگیە، چونکە تێکەڵکردنی چەند ڕەنگێکی تۆخ تاریکترین ڕەنگ دروست دەکات، ئا لەو روانگەوە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان زەمینەسازی بکات، بۆ ئەوەی کەڵک لە رەنگی پرتەقاڵی وەربگرێت، کە هێمایە بۆ ئابووری پرتەقاڵی، بە ئامانجی پەرەپێدانی ژێرخان و سەرخانی هەرێمی کوردستان و هاندانی گەنجان و دەرچووانی زانکۆکان بۆ بیرۆکەی تازەو داهێنان لە بوارە فەرهەنگییەکاندا، کە لەم کتێبەدا لە تەوەرەکانی داهاتوودا بە تێروتەسەری باسی تیشکی دەخەینەسەر.

## هێمای ڕەنگی پرتەقاڵی

ڕەنگی پرتەقاڵی لە تێکەڵکردنی هەردوو ڕەنگی (سوور،زەرد)پێکهاتووە، ناوەکەشی بۆ میوەی پرتەقاڵ دەگەڕێتەوە، بۆ یەکەمینجار لە ساڵی ١٥١٢ بەکارهاتووە، ڕەنگی پرتەقاڵی، پلەی خۆی هەیە و هەر پلەیەکیشی واتای تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نمونە ڕەنگی خۆخ زۆر زۆر باشە بۆ پەیوەندی، کاریگەری لەسەر ڕەفتارچاکی و ئارامی هەیە، هەرچی ڕەنگی پرتەقاڵی ئاڵتوونیە یا زێڕییە، مانای زیندوویی و دان بە خۆداگرتن دەگرێتەوە، بەڵام پرتەقاڵی سووتاو واتای ڕەنگی شەڕو شانازی و دوو دڵی دەگەڕێتەوە، ڕەنگی پرتەقاڵی تۆخیش مانای خۆویستی و خۆپەرستی دەگرێتەوە لە هەموو شتێکدا. هۆکاری ئەوەی بۆچی ڕەنگی پرتەقاڵی کراوەتە هێمایەک بۆ ئەو جۆرە ئابوورییە ئەوەیە کە ئەو ڕەنگە هێمایە بۆ ڕۆشنبیری و داهێنان و نوێگەری و ئازایەتی و قوربانیدان و بیرۆکەی تازە، کە لەلایەن میسرییە کۆنەکانیشەوە هەمان واتای ئەو ڕەنگە بۆ جوانکردنی گۆڕی فیرعەونەکان بەکارهێنراوە. هەرچەندە گوزارشتکردن لە ڕەنگی پرتەقاڵی تەنها بۆ ئابووری پرتەقاڵی ناگەڕێتەوە، بەڵکو ماناکانی ڕەنگی پرتەقاڵی بۆ زۆر بواری دیکە بەکاردێت بەتایبەت لەم بوارانەی خوارەوەدا:

- **وەرزش**: یەکێکە لە ڕەنگە میللییەکان کە زۆرترین تیپیە میللییە وەرزشییەکان بەکاری دەهێنن، وەک هێمایەک بۆ چالاکی و کارایی و جۆش و خرۆش و تێڕامان بۆ سەرکەوتن.
- **سوپا**: بەکاردێت بۆ ئەو سوارچاکانەی پەیوەستن بە سوپاوە.
- **ئایین**: ئەو ڕەنگە لەلایەن هیندۆسەکان پیرۆزە، بۆ نمونە (بوزا) لە ئاینی هیندۆسیدا، ڕەنگی پرتەقاڵی هەڵبژاردووە بۆ جلی پیاوانی ئاینی کە مانای چەقی هێزی داهێنەرانەیە بۆ تاک، واتە ئەو ڕەنگە هێمایە بۆ خودان هێزو متمانە بەخۆبوون.

لەلایەن ئەمەریکییە ڕەسەنەکاندا، ڕەنگی پرتەقاڵی، گوزارشتە بۆ خوێندن و سەرکردایەتی و پێشەنگی دەستپێشخەری کارو ڕابەرایەتیکردن.
- **ئاڵا**: سەرەڕای ئەوەی ڕەنگی پرتەقاڵی، ڕەنگی ئاڵای بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییە گۆڕانخوازە هاوچەرخەکانە، کە زۆر لە پارت و بزوتنەوەکان ئەو ڕەنگەیان وەک هێمایەک بۆ ناسینەوە داناوە، وەک دەزگای پرتەقاڵی

پرۆتستانتی لایەنگری بەریتانیا کە لە ئیرلەندای باکوور هەیە.

لەلایەکی دیکەوە ئەو رەنگە هێمایە بۆ شۆڕشی گۆڕانگارییەکان و گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی لە ژێر ناوی شۆڕشی پرتەقاڵی وەک ئەوەی لە ئۆکرانیا روویداو پاشان زۆر وڵاتی دیکەی گرتەوە. جا ئەگەر بێینە سەر ئاڵای وڵاتان ئەوە دەبینین بەشێکی وڵاتان رەنگی پرتەقاڵیان لە نێو ئاڵاکانیان هەیە، کە لەلایەن هەر یەک لەو وڵاتانە ماناگەلی جیاوازی خۆی هەیە، واتە هەریەکە بە جۆرێک رەنگەکەی داناوە بە مەبەستی جیاواز وەک: ئاڵای هیندستان، مانای هێزی تیرەی هیندۆسیە بۆ زیندووهێشتنەوەی وڵات. هەروەها ئاڵای ئیرلەندا و نەیجیریاو سریلانکاو ئەرمینیاو....هتد.

لە رووی ئەکادیمیشەو هێمایە بۆ ئاڵای کۆلێژە ئەندازیارییەکان لە زانکۆکاندا، هەروەک لە ئەمەریکاو کەنەداو بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی و عێراق و هەرێمی کوردستانیش هەمان هێمایە بۆ ئەو کۆلێژە.

زۆرجارانیش لە کیشوەرەکانی ئەورووپاو ئەمەریکا لە لایەن قۆشمەچییەکانەوە لە کاتی نمایشدا جلی رەنگی پرتەقاڵی پۆشراوە کاتێ مەراسیمی نەریتەکانی خواردنەوە رۆحییەکان بەڕێوەچوون یا لە ئاهەنگە شێتانەییەکان و

کەیفخۆشییەکان و نمایشی تابلۆکاندا ئەو جۆرە رەنگە پۆشراوە کە بە کرێی لەلایەن فرۆشگەکانەوە دەهێنرێت، ئەمەش تەنها بۆ خۆدەرخستنە لەلایەن کەسانی سەرمەست و گاڵتەچییەکانەوە، بەمەبەستی بە پێکەنینهێنانی ئامادەبووان یا کاتی کەیفخۆش بن.

رەنگی پرتەقاڵی، لە رووی دەروونییەوە کە رەنگێکی چالاکە، ئەو رەنگە هەست و جۆش و خرۆش زیاد دەکات، بۆیەشە لە چالاکییە وەرزشی و بازرگانییەکان بەکاردەهێنرێت، جگە لەوەش جوانترین و دڵخۆشکترین رەنگە کە هەست و رۆحی مرۆڤ دەکاتەوە. زۆربەی کاتیش بەکاردێت بۆ سەرنجراکێشانی هاوولاتیان هەروەک لە ئاماژەکانی هاتووچۆو ئاگادارییەکان و رێکلامەکان بەدی دەکرێت.

ئەو رەنگە ئاماژەیە بۆ خۆرئاوابوون و میوەی پرتەقاڵ و جوانی کە زۆرجار میسرییە کۆنەکان بە رەنگی یوسفی ناساندوویانە، وەک ئاماژەیەک بۆ حەزرەتی یوسف سەلامی خوای لەسەر بێت، وەک ئاماژەیەکیش بۆ جوانی خۆر بەکاردێت، یا بۆ خواردنێکی بە چێژی وزەبەخشی مزرەمەنی کە مرۆڤ نوێ دەکاتەوە بەکاردێت.

# تەوەرەی دووەم

# چەمکی ئابووری پرتەقاڵی

## چەمکی ئابووری پرتەقاڵی

چەمکی ئابووری پرتەقاڵی(Economia Naranja) بۆ یەکەمینجار لەلایەن نووسەران(فیلیپ بویتراگۆ ریستریپۆ و ئیڤان دۆکی مارکیز لە کتێبی (ئابووری پرتەقاڵی-دەرفەت سنووری نییە)باسکراوە، ئەو کتێبە لە (244) لاپەڕەیە لە ساڵی ٢٠١٣ لە کۆلۆمبیا بە زمانەکانی(ئینگلیزی،پورتوگالی، ئیسپانی)چاپ کراوە.

ئەو چەمکە زۆرتر لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتینی باوەو لەگەڵ چەندین چەمکی دیکەی هاو واتان و زۆر لە یەکەوە نزیکن، بەڵام لە پێناسەکردندا جیاوازیان هەیە وەک چەمکەکانی:

١. پیشەسازی رۆشنبیری(Cultural Industries).
٢. پیشەسازی داهێنەرانە(Creative Industries).
٣. پیشەسازی پارێزراو بە مافی خاوەنداریەتی دانان و بڵاوکردنەوە(Copyright Protected Industries).
٤. ئابووری رۆشنبیری(Cultural Economy).
٥. ئابووری داهێنان(Creative Economy).
٦. پیشەسازی گاڵتە ئامێز(Entertainment Industries).
٧. دیجیتۆلۆجیا(Digitology).

**پێناسەی ئابووری پرتەقاڵی**

هەرچەندە ئابووری پرتەقاڵی، پێناسەی جۆراوجۆری هەیەو هەریەکە لە پسپۆڕان بە دیدی خۆیان گوزارشتیان لێکردوەو پێناسەی جۆر بە جۆریان بۆ کردووە. هەروەک (جۆن هۆکینز)یش کە سەرمەشقە لەو بابەتە بەمشێوەیە پێناسەی ئابووری پرتەقاڵی دەکات و دەڵێت: ئابووری پرتەقاڵی هەموو سێکتەرەکان دەگرێتە کە پشت بە کاڵاو خزمەتگوزاری دەبەستێت لە خاوەنداریەتی هزری وەک: ئەندازیاری تەلارسازی، هەموو جۆرەکانی هونەرو فلیم و دیزاین و بڵاوکردنەوەوتوێژینەوە پەرەپێدان و نمایشی جلوبەرگ و مۆسیقاو ڕێکلام و پڕۆگرام و تەلەفزیۆن و رادیۆو یاری ڤیدیۆیی.

لەلایەکی دیکە ڕێکخراوو دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیش پێناسەیان کردووە وەک ئەوەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ پەروەردەو زانست و رۆشنبیری(UNESCO) پێناسەی ئابووری پرتەقاڵی دەکات وەک پیشەسازییەکی رۆشنبیری و داهێنەرانە کە دروستکردن و بەرهەمهێنان کۆدەکاتەوە و داهێنانە نا بەرجەستەو رۆشنبیرییەکان بە بازاڕ دەکات، هەردەم ئەوانەش پارێزراون بۆ مافی خاوەنداریەتی چاپ و

بڵاوکردنەوە، جا شێوەی کاڵا یا خزمەتگوزاری بێت، لە هەردوو لایەنی بەرهەمهێنانی هونەری و رۆشنبیری و ئەندازیاری تەلارسازی و رێکلام.

هەروەها کۆنگرەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بازرگانی و گەشەپێدان(UNCATAD)یش پێیوایە پیشەسازی داهێنەرانە لە هەناوی ئابووری داهێنەرانەوەیە، لەم چوارچێوەیەدا سوڕی بەرهەمهێنانی کاڵاو خزمەتگوزاری کە داهێنان و سەرمایەی هزری دەروازەی سەرەکی بەکارهێنانە، پۆلین دەکرێن بەپێی رۆڵی کەلەپوورو هونەرو میدیاو داهێنانە کارگێڕییەکان.

هاوکات رێکخراوی جیهانی بۆ خاوەنداریەتی هزری(WIPO)ئابووری پرتەقاڵی دەناسێنێت و پێی وایە پیشەسازی پشت بەستوو بە مافی خاوەنداریەتی نووسەر کە پیشەسازییەکی تایبەتمەندو پەیوەستە یاخود پەیوەستە بە شێوەی راستەوخۆو ناڕاستەخۆ بە دروستکردن و بەرهەمهێنان یاخود نمایش و نواندن و پەیوەندی یا فرۆشتن بە شێوەی ووردە بۆ کەرەستەکانی پارێزراو بە مافی خاوەندایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە. هەرچی وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن و وەرزشی بەریتانیا(DCMS)یە، پێیوایە ئابووری پرتەقاڵی جۆرێکە لە پیشەسازی

داهێنەرانە، ئەو چالاکییەیە کە پشت بە داهێنان و بەهرەی کەسی و لێهاتووییەکان دەبەستێت، کە توانای دروستکردنی دەرفەتی کارو سامانی هەیە لە ڕێگەی لە دایکبوون و بەکارهێنانی خاوەنداریەتی هزرییەوە.

کۆمیتەی ئابووری لە ئەمەریکای لاتینی و دەریای کاریبی(ECLAC)یش بۆچونی وایە ئەو جۆرە ئابووریە بریتیە لە بڵاوکردنەوە، فلیم، رادیۆ، تۆماری دەنگی، ناوەڕۆکی گواستراوە، بەرهەمهێنانی بینین و بیستنی سەربەخۆ، ویب، یارییە ئەلیکترۆنییەکان، ......هتد.

لەلایەکی دیکەوە، بانکی ئیسلامی بۆ گەشەپێدان (IDB) لە ساڵی 2013 پێناسەی پیشەسازی رۆشنبیری کردووە کە بریتیە لە کاڵاو خزمەتگووزاری پەیوەست و کلاسیکی بە سیاسەتی رۆشنبیری و خزمەتگووزاری داهێنەرانەو وەرزشی کە پۆلین دەکرێت بۆ سێ توێژ:

١. کلاسیکی: وەک بڵاوکردنەوەو کتێب و فلیم.....هتد.
٢. هی دیکە:وەک ( ئۆپێرا، کاری دەستی، دیزاین.....هتد.
٣. نوێ: وەک ( پڕۆگرام و یاری ڤیدیۆیی.....هتد)

ئابووری پرتەقاڵی جەخت لەسەر وەبەرهێنان لە توانا نوێیەکان و راکێشانی بەهرەکان دەکات، بە چاودێری ئەندازیاری تەلارسازی و هونەری بینین و شانۆو چنین و

فلیم و دیزاین و بڵاوکردنەوەو توێژینەوەوگەشەپێدان و یارییەکان و نمایش و مۆسیقاو راگەیاندن و پرۆگرامسازی و تەلەفزیۆن و رادیۆ.

هەڵبەتە لە جیهانی ئەمڕۆی پێشکەوتنە خێراکاندا رۆشنبیری و بیرۆکەو هزری داهێنەرانە، جێگەی تایبەتی هەیە لە چالاکییە ئابوورییەکاندا و هیچ کات لێکدی جیاناکرێنەوەو تەواوکەری یەکترین، چونکە لە ئابووری نوێدا هزری تازەو داهێنان سامان دەخولقێنن لە رێگەی مافی خاوەندارێتی هزرییەوە. ئابووری پرتەقاڵی جەخت لەسەر داهێنان دەکاتەوە، جا داهێنان لە پرۆژەی داهێنەرانەی دەگمەنی وەبەرهێنانی بەرهەمداری بێت یا لە هونەرە جۆربەجۆرەکانی لە شێوەی وێنەکێشان، شێکاری، شانۆ، مۆسیقا، هەڵپەرکێی میللی، گۆرانی، ئۆکیسترا، فۆتۆگرافەری، سینەما، کاری دەستکرد،....هتد)، یاخود مۆزەخانەو ناوچە شوێنەوارییەکان یا ژینگەی گەشتیاری ....هتد، یان پیشەسازی رۆشنبیری وەک (چاپکردن و نوسینی کتێب و تۆڕە میدیاییە هەواڵیی و رۆشنبیرییەکان....هتد)، یا (خشڵ، نمایشی جلوبەرگی میللی، ئەندازیاری تەلارسازی، رێکلام.....هتد).

# تەوەرەی سێیەم

# گرینگی و چالاکییەکانی ئابووری پرتەقاڵی

## چالاكییە هەمەجۆرەكانی ئابووری پرتەقاڵی

كۆمەڵێ چالاكییە كە بە گواستنەوەی بیرۆكە بۆ كاڵاو خزمەتگووزاری رۆشنبیری كۆتایی دێت، ئەوەش مانای ئەوەیە لە كەرتی ئابووریدا بەهرەو داهێنان دەروازەی پێشەنگن كە ئابووری پرتەقاڵی سوودی لێوەر دەگەرێت، بەوەی بەشدارە لە بەرهەمهێنانی سامان و بەها، دروستكردنی كار، كاریگەری كۆمەڵایەتی زۆرینەی كات كە پەیوەستە بە ئایندەی جیهان، لەگەڵ پێشخستنی ئامرازە پێشكەوتووەكان و كردە تەكنەلۆژییەكان وەک ژێری دەستكرد یا دروستكراو، لە كاتێكدا لە پشت هەموو ئامرازو كەرەستەكانی داهاتوو، داهێنان و نوێگەری و خولقاندن و پرۆگرامسازییە، چالاكییەكانیش ئەمانەن:.

**١.كاڵای داهێنەرانە وەک:**

- بینین و بیستن.
- پیشەی دەستی.
- دیزاین.
- ئامرازەكانی میدیای مۆدێرن.
- هونەری بینین و شانۆ.

**٢.خزمەتگووزاری داهێنەرانە وەک:**

- ڕێکلام.
- ئەندازیاری تەلارسازی.
- ڕۆشنبیری و کەیفسازی.
- توێژینەوەو گەشەپێدان.

**3.کلاسیکی- کۆن وەک:**

- پەرتووک
- پیشەسازی بڵاوکردنەوە
- پیشەسازی چاپکردن
- گۆڤارەکان
- جۆرناڵی زانستی
- ڕۆژنامە
- دانانەکان
- کتێبخانەی بیستن و بینین
- فلیم
- تەلەفزیۆن
- وێنەگرتنی فۆتۆگرافی
- ڤیدیۆ
- فۆنۆگرافی (تۆماری دەنگی)
- دانان
- ڕادیۆ

- ئەندازیاری تەلارسازی
- بەروبوومی نمونەیی
- گەشتیاری ژینگەیی
- بیرکاری

**4.فەرهەنگی گەشتیاری وەک:**

- هونەری شانۆیی
- مۆزەخانەو گەلەری نمایش
- شانۆ
- ئۆکیسترای نوێی
- فره میدیایی
- رێکلام
- سۆفت وێر
- یاری ڤیدیۆیی
- پیشەسازی پاڵپشتکاری ئامرازەکانی راگەیاندن.

**5.رۆشنبیری ئابووری:**

-چالاکی پاڵپشتیکاری داهێنان.

- توێژینەوەو گەشەپێدانی داهێنان.
- پەرەپێدانی لێهاتووییە هونەرییەکان لە چالاکییە داهێنانییەکان.

**پیشەسازی داهێنەرانە**

پیشەسازی داهێنەرانە ئەرکی کۆکردنەوەی نێوان پیشەسازی رۆشنبیری کۆن و داهێنانەکانی کارو ئامرازەکانی راگەیاندنی نوێ و سۆفت وێرە وەک:

**أ.هونەرو کەلەپوور**

1.هونەری بینین:

- تابلۆ
- پەیکەرتاشی
- هونەری ڤیدیۆ
- وێنەگرتنی ڤیدیۆیی.
- نمایشی جلوبەرگ.

2.هونەری شانۆیی و نمایشی گشتی:

- ئۆکێسترا و هەڵپەڕکێ
- ئۆکێسترا و ئۆپێرا
- کۆنسێرت
- سێرک

3.گەشتیاری و کەلەپووری ماددی و نا ماددی:

- پیشەی دەستی، کەرەستەی ئەنتیکە، بەروبومی نمونەیی.
- هونەری باش خواردن.

- مۆزەخانە و هۆڵی نمایش و ئەرشیف و کتێبخانەکان.
- باڵەخانەو تازەکردنەوە.
- باخچەی سروشتی و گەشتیاری ژینگەیی.
- شوێنەوارو ناوچە شوێنەوارییەکان و شوێنە مێژوییەکان.
- مەعریفەی کۆن و کەرنەڤاڵ و فیستیڤاڵ.
- پەروەردەی رۆشنبیری و هونەری.

**ب. پیشەسازی رۆشنبیری کۆن**

- ئەو چالاکییەیە کە کاڵاو خزمەتگووزارییە لەسەر بنەمای ناوەڕۆکی هێمایی بۆ هونەری و سروشتی داهێنەرانە.

**١.بڵاوکردنەوە:**

- پەرتووک و رۆژنامەو گۆڤار.
- پیشەسازی گرافیک.
- دانانی کتێب.
- پەرتووکخانە.

**٢.بینین و بیستن:**

- فلیم
- تەلەڤزیۆن
- ڤیدیۆ

هونەری تۆماری دەنگی.

- رادیۆ
- مۆسیقای تۆمارکراو.

**ج.داهێنانی کار، میدیای نوێ و سۆفت وێر**

- دیزاین
- هونەری گرافیک
- یاری منداڵان
- بەرهەمهێن
- خشڵ
- ئاژانسی تازە
- ئاژانسی زانیاری
- رێکلام
- نمایش

## گرینگی ئابووری پرتەقاڵی

هەرچەندە پرتەقاڵ وەک کاڵایەک، بەهایەکی ئابووری هەیەو تامێکی خۆشی هەیەو دەکرێت لە کوردستان لە ئابووری کلاسیکیشدا کەڵکی لێوەبگرێت، بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە سەرجەمی بەرهەمی ناوەخۆیی، هاوشێوەی بەرووبومە کشتوکاڵییەکانی دیکە گرینگی خۆی هەیە و دەبێتە سەرچاوەی داهات، بەڵام ئەوەی ئێمە قسەی لەسەر دەکەین پرتەقاڵ وەک کاڵا نییە، بەڵکو وەک ناسنامەو هێمایە بۆ جۆرێک لە جۆرەکانی ئابووری وەک ئابووری کشتوکاڵ، کار، مەعریفە، پیشەسازی....هتد، کە جۆرێکی دیکەی ئابووری تازەیە و هێشتا زۆرینەی وڵاتان پێی ئاشنانین و توێژەرانیش لە رووی زانستییەوە وەک پێویست توێژینەوەیان لە بارەیەوە نەکردووە، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە، هیچ وڵاتێک تا هەنووکە کەڵکی لەو جۆرە ئابوورییە وەرنەگرتبێت و هەرێمی کوردستانیش خۆی لێ بە دوور بگرێت، بەڵکو دەکرێت هەرێمی کوردستانیش کەڵک لەو جۆرە ئابوورییەی ئەو وڵاتانە وەربگرێت کە پشت بە ئابووری پرتەقاڵی دەبەستن، چونکە هەرێمی کوردستان زەمینەسازی زۆری هەیە بۆ ئابووری پرتەقاڵی و ساڵانە هەزاران گەنج لە زانکۆکان دەردەچن بە بێ ئەوەی دەرفەتی کاریان بۆ بڕەخسێت، ئەو گەنجانەش بەشێکی

زۆریان زرنگی و تواناو لێهاتووییان هیچ کەمتر نییە لە گەنجی وڵاتانی پێشکەوتوی جیهان، نمونەش بۆ ئەمە ساڵانە چەندین گەنج لە زانکۆکانی کوردستاندا لە کێبڕکێی زانستی لەسەر ئاستی عێراق و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ریزبەندی یەکەمدان، یا زۆر زانای گەنجی کورد لەسەر ئاستی جیهان مەدالیای رێزلێنان وەردەگرن، هەروەها نمونەی زیندووی دیکەش پڕۆژەی بەشێک لەو گەنجانەیە کەبەشدار دەبن لە پڕۆژەو بیرۆکەی گەنجان بۆ کاری وەبەرهێنان لە پڕۆگرامە میدیاییەکان کە پەخش دەکرێن، تیایدا وەبەرهێنەران و دەستەی وەبەرهێنان و گەنجانی خاوەن بیرۆکە کۆ دەکرێنەوە، ئەمە جێگەی دەستخۆشییە کە ناوەندی بڕیار لە هەردوو کەرتی تایبەت و کەرتی حکومەت لەگەڵ گەنجە خاوەن بیرۆکەکان کۆ دەکرێنەوە تا وەبەرهێنەران کەڵک لە بیرۆکەو پڕۆژەی داهێنەرانەی گەنجان وەربگرن، بۆ ئەوەی سەرمایەگوزاری تێدا بکەن.

لەبەرئەوەی ئایندە بۆ مەعریفەیە، چیتر لە داهاتوودا سەرچاوەکانی داهات لە رێگەی نەوتەوە نییە، بەڵکو مەعریفەیە کە دەبێتە سەرمایەکی گرینگ، لە کاتێکدا نەوت و سووتەمەنی و وزەی سەرەکی ئابووری سەدەی بیستەم بوو، بەڵام مەعریفەو داهێنان جێگرەوەی سووتەمەنی ئابووری سەدەی بیست و یەکەمە.

هەنووکە ئابووری پرتەقاڵی لە دوای ئابووری مەعریفیدا، لەسەر ئاستی جیهانی بایەخی زۆری پێدەدرێت، چونکە داهاتوو بۆ ئەو ئابوورییە، جەنگی ئاییندە، بۆ باڵادەستی هەر وڵاتێک، لە ڕێگەی ئابووری پرتەقاڵییەوە، چونکە ئەو جۆرە ئابوورییە کەمترین کات ڕووبەڕووی بێبازاڕی و هەڵبەزو دابەزینی نرخ دەبێتەوەو کەمترین زیانی هەیە لە قەیرانە ئابوورییەکاندا بە بەراورد بە کاڵاو خزمەتگووزاری وەک کەرەستەی خاو  لە شێوەی نەوت و کاڵای دیکە کە لە ئابووری کۆن دا هەیە، واتە ئەو وڵاتەی ئابووریەکەی لەسەر بنەمای ئابووری پرتەقاڵی بێت و بەشداری بکات سەرجەمی داهاتی نەتەوەیی، ئەوا لە ئەگەری هەر قەیرانێکی جیهانیدا، کەمترین زیانی بەردەکەوێت و وڵاتێکی ئابووری بەهێز دەبێت، بە پێچەوانەی ئەو وڵاتانەی ئابووریەکی کلاسیکیان هەیەو سەرچاوەی داهاتیان نەوت و کەرەستەی خاوە، لەبەرئەوەی لەم ئابووریەدا داهێنان و رۆشنبیری کلیلی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە کە ئەوەش بنەمایە بۆ بەهێزبونی هەر دەوڵەتێک، بۆیە لەو سونگەیەوە دەکرێت لە قۆناغی پۆست کۆرۆنادا هەرێمی کوردستان کەڵک لەو جۆرە ئابووریە وەربگرێت، ئەمەش بە هەمووارکردنەوی یاسای وەبەرهێنانی ساڵی ٢٠٠٦ لە پەرلەمانی کوردستان دەکرێت

به هەماهەنگی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵبەتە کارکردن و دانانی نەخشەرێگەی ستراتیژی بۆ گەشەپێدانی ئەو جۆرە ئابوورییە، هیچ بوودجەی تایبەتی ناوێت و بارگرانی بۆ حکومەت دروست ناکات، جگە لە ئەرکی پارێزەرایەتیکردن بۆ پاراستنی خاوەنداریەتی هزرو بیرۆکەی گەنجان، بەڵکو ئەو ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی وەبەرهێنەران وسەرمایەدارانی کوردستان و لە کۆتاییدا بە قازانجی حکومەت و کەرتی تایبەت و کۆمەڵگە تەواو دەبێت، هەم سەرمایەگوزاری راستەقینە بەرەو هەڵکشان دەچێت و هەمیش دەرفەتی کارکردن بۆ گەنجان زیاتر دەڕەخسێنێت و لۆدیش لەسەر حکومەت کەمتر دەبێتەوەو رێژەی بێکاری کەمتر دەکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی پڕۆژە وەبەرهێنەرە بەرهەمدارییەکان بە بەراورد بە پڕۆژە وەبەرهێنەرە بەکاربردنەکان کەمتر دەکاتەوە، بەمەش گەشە بە سەرجەمی داهاتی نەتەوەیی دەدات. بۆیە پێویستە لەوە تێبگەین کە تا چەند ئابووری پرتەقاڵی گرینگە بۆ هەرێمی کورستان بەتایبەت تاچەند دەبێتە هۆی ئەوەی گەنجی داهێنەر خۆی تیا ببینێتەوەو بە یەکسانی و دادپەوەردەی رۆڵی هەبێ لە گەشەپێدانی کوردستان و بەشدار بێت لە ناوەندی بڕیار و خۆشی ببێتە سەنتەری بیرکردنەوەو قوڵبوونەوە، بۆ نڤاری تازە لە

مێشکی ئەودا، لەبەرئەوەی ئابووری پرتەقاڵی رەخساندنی دەرەفەتە بۆ گەشەپێدانی ئابووری، بۆ بەدەستهێنانی کار، بۆ بیرۆکەی تازە، داهێنانی نوێی لە هەموو بوارێکدا، لەم سەردەمەدا ئەوەی دەوڵەتێک یا ئیمپراتۆریەتێک لە رابروودا نەیتوانیوە بیکات، ئێستا لە رێگەی داهێنانەوە لە رێگەی کەسێکی جەستە لاواز، بەڵام ئەقڵ گەورەو جیهان بینێکی خۆگونج دەتوانرێت ئەنجام بدرێت، بۆ نمونە بۆ کورد، داهێنان دەرەفەتە بۆ بەهێزکردن و دروستکردنی دەوڵەتی کوردستان، سەباری ئەوەی بۆ بەڕێوەبردنی گۆڕانکاری و کەڵک وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیاری و سوود وەرگرتن لە شۆڕشی دیجیتاڵی دەتوانێت هەرێمی کوردستان بەرەو قۆناغێکی دیکە بەرێت. راکێشانی خاوەن بەهرەو داهێنەرەکان و رێگریکردنیان بۆ چوونە دەرەوە دەبێتە هۆی گەشەپێدان و بەهێزکردنی کوردستان لە رووی سیاسی و ئابوورییەوە.

لەگەڵ ئەوەی هەرێمی کوردستان، نەک سیستەمێکی ئابووری سەربەخۆی نییە، تەنانەت تا هەنووکەش نازانرێت فەلسەفە ئابووریەکەشی چییە؟، هەربۆیەشە نە حکومەت و نە کەرتی تایبەت پلانی ستراتیژییان بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان نییە، ئیدی رەنگە حکومەت پلانی ژمێریاری

هەبێت بۆ ئەوەی مانگانە لە ڕێگەی وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە کار لەسەر کۆکردنەوەی داهات لە هەموو سەرچاوەکانییەوەو چۆنیەتی خەرجییەکانی بکات، کەچی ئەوەی جێگەی سەرنجە تا ئێستاش وەک پێویست کار لە سەر پەیڕەوکردنی سیستەمێکی ئابووری دیاریکراو نەکراوە، ئا لەو ڕوانگەیەشەوە ئەگەر هەرێمی کوردستان تا ئێستا هەنگاوی پراکتیکی نەهاویشتبێت بۆ ئەوەی بایەخ بە چ ئابوورییەک بدات، ئەوا دەکرێت قۆناغی بڵاوبونەوەی پەتای کۆرۆناو دابەزینی نرخی نەوت و بڕینی حەقبەشی کوردستان لەلایەن بەغداو سیاسەتە هەڵەکانی حکومەتی عێراقی لە بارەی ئابووری عێراق و دابەزاندنی بەهای دراوی عێراقی بەرامبەر دراوی دۆلای ئەمریکی بە دەرفەت بزانێت بۆ کاراکردنی نەخشەرێگەی چاکسازی لەسەر هەموو ئاستەکاندا بەتایبەت لە بواری ئابووری و داراییدا.

بە داخەوە تا ئێستا هەرێمی کوردستان لەسەر بنەماکانی ئابووری کلاسیکیش ناڕوات!، لە بایەخدان بە هۆکارەکانی بەرهەمهێنان( کار، زەوی، سەرمایە)، بەڵکو بازیداوە بەسەر قۆناغی ئابووری کشتووکاڵی و چۆتە قۆناغی پیشەسازی و لەوێش خۆی قەتیس کردووە بۆ پیشەسازی نەوت، لە کاتێکدا دەکرا لەم ماوەیەدا هەم گرینگی بە ئابووری کشتووکاڵی بدات و لەگەڵیشیدا وەک هەمەجۆرکردنی

ئابووری ئەوا بایەخ بە ئابووری پیشەسازی بدات، تەنانەت دەکرا داهاتی نەوت بخاتە خزمەت کەرتە ئابوورییەکانی دیکە لە پیشەسازی کشتوکاڵییەوە تا دەگاتە کەرتە هەمەجۆرەکانی دیکەی هاوگونج لەگەڵ واقیعی ئێستای هەرێمی کوردستان لە نێو عێراقی فیدراڵدا.

جێگەی تێڕامانە ئایا حکوومەتی هەرێمی کوردستان نیازی چی هەیە بۆ ئابووریەکەی؟ دەیەوێت هەر ببێتە پاشکۆی ئابووری عێراق و هەموو مانگەکانی ساڵ رووبەڕی قەیران بێتەوەو ساڵ بە ساڵیش قەیرانەکان کەڵەکەبن و ململانێی لەگەڵ بەغدا بەردەوام بێت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی دارمانی زیاتری ئابوورییەکە، یا روانگەی دیکەی هەیە کە کار بۆ ئابوورییەکی سەربەخۆ دەکات!؟، هەڵبەتە ئابوورییەکی سەربەخۆ نەک پشت بەستوو بە سەرچاوەی داهاتی نەوت!!، بەڵکو دەبێت جێگرەوەی دیکە بدۆزێتەوە بۆ گریندان بە ئابووری کشتوکاڵی و بەردەوامیدان بە ئابووری پشت بەستوو بە نەوت لە پاڵ ئەوەشدا بایەخ بە ئابووری مەعریفی و ئابووری پرتەقاڵی بدات.

**پیشەسازی رۆشنبیری**

بنچینەکانی چەمکی پیشەسازییە کللتورییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو لێکۆڵینەوە پێشوەختانەی کە لە قوتابخانەی فرانکفۆرت لە دەیەی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ دا ئەنجامدران، کە ڕەخنەیان لە مەیلی بە کاڵاکردنی هونەر گرت، چونکە ئەم مەیلە شەرعییەتی فیکری بۆ کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان و سەرهەڵدانی پیشەسازییەکی ڕۆشنبیری باو دەدات، هەندێک بەردەوام باوەڕیان بەو بۆچوونە ڕەشبینانە هەیە، لە چوارچێوەی ئەو گفتوگۆیەی ئەمڕۆ لەسەر مەترسی یەکگرتنی فەرهەنگی نموونەیی لە ئاستی جیهانیدا دەکرێت.

ئەم بۆچوونانە لەسەر بنەمای ڕوانگەی کللتوور و ئابووری، کە هەر یەکێکیان دوژمنکارو پاڵنەرە لۆژیکییەکانی یەکترن زۆر جیاوازن لە پاڵنەرە لۆژیکییەکانی چالاکییەکانی دیکە، تا ساڵانی ١٩٨٠ کان چیتر دەستەواژەی (پیشەسازییە ڕۆشنبیرییەکان) ئەو دەرهاوێشتە نەرێنانەی تێدا نییە کە لەڕابردوودا هاوپەیوەندن لەگەڵی، لە بازنە ئەکادیمییەکان بەئیجابی و لەبازنەکانی سیاسەتسازیدا وەک دەربڕینێک بەکاردەهێنرێت، کە بۆ ئاماژەکردن بەشێوەکانی

بەرهەمهێنان و کەرەستەی کللتووری بەکاردەبرێت، کە بەشێوەیەکی سەرەکی (ڕەمز)ی یان گوزارشتئامێزە.

یونسکۆ لە دەیەی ١٩٨٠ دا لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاوبوویەوە و ڕووبەرێکی فراوانی وەک مۆسیقا و هونەر و نووسین و بەرهەمهێنانی مۆدە و دیزاین و پیشەسازییە جیهانییەکانی وەک: بەرهەمهێنانی ڕادیۆ و بڵاوکردنەوە و فیلم و تەلەفزیۆن بینی، کە پیشەسازییە کللتوری و داهێنەرەکان نەک هەر بزوێنەری گەشە، بەڵکو توخمە سەرەکیەکانی سیستەمی نوێخوازیش دەبینن،گرنگی سەرەکی ئەم پیشەسازییانە نەک هەر لە بەشداریکردنیان بۆ پێکهێنانی بەهای ئابووری، بەڵکو لەو فۆرمانەوە سەرچاوە دەگیرین کە بیرۆکەی نوێ یان تەکنەلۆژی تێدایە.

لەسەر بنەمای ئەوانەی سەرەوە دەتوانین ئەوە لەبەرچاو بگرین کە پیشەسازییە ڕۆشنبیرییەکان ئەو چالاکیانەن کە بەرهەمی ڕۆشنبیری بەپێی بنەماکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی، یان کاری ڕەسەنی ڕۆشنبیری و هونەری بەشێوەیەکی پیشەسازی بکرێت بە کاڵای بەکاربەر کە لە بازاڕدا وەک کاڵا پیشەسازییەکانی دیکە لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی بە کۆمەڵەوە لە بازاڕدا پێشکەش دەکرێت.

لە ساڵی ٢٠١٨ەوە ناوەندی توێژینەوەو گەیاندنی مەعریفی سعودیە پەرتوکی (ئابووری داهێنەرانە لە شانشنی عەرەبی سعودیە بڵاوکردەوە کە لەلایەن دکتۆر تورکی زەمیع و دکتۆر عەبولعەزی مولحەم و دکتۆر فەهد بادی و دکتۆر سەعید غامدی ئامادەکراوە لە کتێبەکەدا باسی ئابووری داهێنەرانە لە سعودیە دەکات کە بە ڕێژەی ٢٧٪ بەشدارە لە بەدەستهێنانی دەرفەتی وەبەرهێنان بۆ خاوەن پڕۆژە بچووک و مام ناوەندەکان هەروەک: ڕێژەی ٢٩٪ دیاردەی بێکاری کەمکردۆتەوە و بۆتە هۆی ئەوەی کەناڵی وەبەرهێنانی تازی بکاتەوە بە ڕێژەی ٣٥٪، ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ زێتربونی داهاتی تاک بە ڕێژەی ٢٤٪. هەروەها نووسەر جۆن هۆکینز (John Howkins) کە ژمارەیەک کتێبی لە ماوەی (١٥) ساڵدا نووسیوە لە بارەی ئابووری داهێنەرانەو پێناسەی ئابووری داهێنەرانە دەکات و دەڵێت بریتیە لە فرۆشتن و کڕینی هزرو پارە، لە ئابووریەدا، کاڵای سەرەکی بریتیە لە داهێنان و نوێگەری.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش بۆچی ئابووری داهێنەرانە کارێکی گرینگە؟ لە وەڵامدا دەڵێن سەرباری ناوەکەی چەمکی ئابووری داهێنەرانە تەنها دیاریکراو نییە بۆ بواری کاری داهێنەرانەی دیاریکراو، واتە ئابووری داهێنەرانە سنووردار نییە بە هەندێک بواری کاری داهێنەرانە.

تا ئەو کاتانەی بەهاکە بەپێی داهێنان و بیرۆکەکان دەپێون، چەمکەکان هەمان کار دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پیشەسازییانەی کە زیاترین بەشی لێبەرهەم دەهێنن بریتین لە هونەر و دیزاین و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیری.
چەند هۆکارێک هەن کە دەبنە هۆی ئەوەی کە ئابووری داهێنەرانە لە ئێستادا گرینگە، تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە لە بواری هونەر یان بواری داهێنەری تەقلیدیدا کار ناکات، تەکنەلۆژیای تۆڕی ئینتەرنێتی ئێستا، وا دەکات، کە خەڵک بە خێرایی و بێ نرخ بیرۆکەکانیان دەست پێ بکەن و پێشی بخەن، بێ گوێدانە باکگراوند و سەرمایەکەیان بۆ نموونە، مەشقە بازرگانییەکان دەستکردن بە کورتکردنەوەی درێژی سوڕەکانی گەشەپێدانی بازرگانی، ڕێگەپێدانیان بە خستنەگەڕی بەرهەم و خزمەتەکانیان بە خێراترین کات.
ئەوەی کە ئابووری داهێنەرانە بەهاکان دەنرخێنێت پلەی نایابی و داهێنانی بیرۆکەکانی تۆیە، نەک شێوەی بەرهەمی داهێنەرانەت. بە چەمکە ژیرانەی تر پەیکەرتاشییەک کە کاری نوێگەر بەرهەم دەهێنێت، ڕەنگە کۆتایی بێت بە بەرهەمهێنانی بەهای کەمتر لە ئابووری داهێنەرانە وەک لە بەرنامە بەخشێک کە چارەسەرێکی تەکنیکی سادە بۆ کێشەیەکی گرنگ لە جیهاندا بنیات بنێت، خۆشگوزەرانی لە ئابووری داهێنەردا گرنگ نییە چ مەودایەکت هەیە، دەتوانیت

بەشداری لە ئابووری داهێنەردا بکەیت. بەڵام لە بیرت بێت، ئەو پێشبڕکێیە لە ئابووری داهێنەرانە بۆ هەموو کەسێک نییە. ئەمە ئەو کارامەیی و چۆنایەتییە کە مرۆڤ پێویستی بە گەشەکردن  و پێشبڕکێ و پیشەییبوون لە بوارەکەتدا هەیە. چونکە بەها و تێچووی کەسێک لە ئابوورییەکی داهێنەردا پەیوەستە بە هێزی بیرۆکەکانیەوە، بۆ ئەوەی بەباشی کار بکەیت پێویستە پێشبڕکێ بکەیت، بەڵام بەس نییە بۆ ئەوەی ئەو کارامەییانەی پێویستە دەست پێبکەیت بە بانگکردنی تۆ بە بەرنامەی کار، گرنگە هەر کرێکارێکی داهێنەر لە بازاڕکردن و فرۆشتن و ڕێکخراو تێبگات، ئەگەر لەگەڵ تیمێک کار بکەیت، هەروەها تواناکانی بەڕێوەبردن یارمەتیدەر دەبێت. بەشێک بیت لە کۆمەڵگەی بەهێز، لایەنی کۆمەڵایەتی هەیە بۆ ئابووری داهێنەر، جا ئەگەر بە تەمای دەستکردنی ئەو پرۆژانە بیت کە مەبەست لێی خەڵکی شارەکەتە، بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ کەسانی دیکە، بۆ دروستکردنی بینەرێک، یان بە سادەیی بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری هزری و ئیلهامبەخشی گروپێکی ئایکۆن کاتێک کۆمەڵگە ئامادە نابێت و کۆمەڵگاکەی خۆت بدۆزیتەوە یان دروستی بکەیت دوای هەموو شتێک لە ئابوورییەک کە بەهای بیرۆکە و داهێنان بەهادار بێت، زەحمەت دەبێت تۆ لە بازاڕدا بەبێ ئەوانی دیکە ڕۆڵت هەبێت.

چۆن پارە پەیدا بکەین لە ئابووری داهێنەرانە هەرچەندە ئەمانە بیرۆکە یان پڕۆژەی دیاریکراو نین کە دەتوانیت دەست پێ بکەیت، بەڵام مۆدێلی بازرگانین کە دەتوانیت بەکاری بهێنیت بۆ دەستپێکردنی کاری ئابووری داهێنەرانەی خۆت. کاتێک کە دێتە سەر هەوڵی داهێنەرانە، هاوکاری و کۆمەڵگە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت، بەتایبەتی ئەگەر پشت بە کۆمەڵگەی دیاریکراو ببەستیت بۆ پارەدان ئەم مۆدیلە لەلایەن دروستکەرەوە بەکار هاتووە کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە بەخشینیان یان پارەدانی قەرەباڵخی دەبەستن کە پشت بە جەماوەر دەبەستێت.

لەم مۆدیلەدا ئەگەر کەسێک کارەکەی تۆی خۆشبوێ، پابەند دەبێت بە بەخشینی دووبارە ( وەک بەخشینی مانگانە یان هەموو شتێک کە بەرهەمت دەهێنێت) یان یارمەتیت دەدات بۆ پارەدانی هەندێک پڕۆژەی داهێنەرانە لە بەرامبەر پاداشتی بەخشینە تایبەتەکاندا.

نووسەر ماریا پۆپۆڤا سەرەتا سایتەکەی وەک پڕۆژەیەکی کەسی بۆ هاوڕێکانی دەستپێکرد، بەڵام دواجار بووە یەکێک لە پڕ بەناوبانگترین ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت، تەنانەت لە کتێبخانەی ئەرشیفی هەمیشەیی تۆڕی کۆنگرێسیش

دایگرت. ئەم سایتە لە ڕێگەی بەخشینی خوێنەران و کۆمسیۆنەکانی ئەو کتێبانەی پۆپۆڤا لەسەری دەنووسێت داهات پەیدا دەکات، هەرچەندە سایتەکە بێ ڕێکلامە، بەڵام زۆر لە دیزاینەرەکانی جیهان زۆرجار ڕیکلام بەکارئەهینن بۆ پارە پەیداکردن لەناوەڕۆکەکەیان، جگە لە بلۆگەکان، دروستکەرانیش دەتوانن بەرنامەی ڕادیۆ و ڤیدیۆ و میدیای تر بەرهەم بهێنن.

دکتۆرئەشرەف زەکی لە کۆڕبەندی عەمان لە وڵاتی ئوردن لە ساڵی ٢٠١٩ لە سمیناریکدا لە بارەی پیشەسازی رۆشنبیری و هونەری و ئەزموونی وڵاتانی عەرەبی و جیهانی پێی وایە سەردەمی کۆمەڵگای مەعریفە، زیادبوونی بەهای بەرهەمهێنانی رۆشنبیرییە، پیشەسازی رۆشنبیری رەگەزێکی سەرەکییە لە رەگەزەکانی بەهێزی دەوڵەت و نەتەوەکان، هێزی ماددی و مەعنەوی. بۆیە دەتوانین بڵێن پیشەسازی رۆشنبیری پەیوەستە بە کۆمەڵێ چالاکی رۆشنبیری و داهێنەرانە لە چوارچێوەیەکی تەسکدا. مەبەست لێی کاری رۆشنبیری ئاڕاستەکراوە بۆ جەماوەرێکی فراوان کە بەشێوەیەکی زۆر بەرهەم دەهێنرێت یاخود بەرهەمە بۆ جەماوەر، رۆژ بە رۆژ پێگەی بەرز دەبێتەوە لەسەر ئاستی جیهان کە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی بەردەوام و گەشەی ئابووری هەمووەکی و

داهێنانی زانستی و رۆشنبیری، بۆ نمونە بەریتانیا لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو سیاسەتی گرینگیدان بە پیشەسازی رۆشنبیری و داهێنانی گرتەبەر، لە ئەنجامی ئەو پێشینەیەی هەیبو لە قەیرانی کەرتی پیشەسازی، بەڵام پیشەسازی رۆشنبیری و داهێنان بووە هۆی هەڵسانەوەو گەشانەوەی ئابووری ئەو وڵاتە و سەرکەوتووبو لە گرتنەبەری ئەو ئامانجەو کەمبوونەوەی رێژەی بێکاری. ئەڵمانیا کە پێگەیەکی گەورەو بەهێزی هەیە لە کەرتی دروستکردن، کەچی بایەخی زۆر بە پیشەسازی رۆشنبیری و داهێنان دەدات و ئەو کەرتە رۆژ بە رۆژ پێگەی زیاتر هەڵدەکشێت لە نێوان ٢٠٠٩-٢٠١٢.

لە ساڵی ٢٠٠٩ ئەنجوومەنی وڵاتی چین یەکەم هەنگاوی تایبەتی گرتە بەر بۆ پیشەسازی رۆشنبیری بەناوی ( پلانی هەڵسانەوەی پیشەسازی رۆشنبیری، هەر بۆیە لە پلانی پێنج ساڵەدا بەشێوەیەکی بەرچاو ئابووری چین پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی و بووە وەرچەرخانێکی گەورەو بەهێز لە گەشەپێدانی ئابووری نەتەوەیی چین و هێزێکی بزوێنەری تازە لە گواستنەوەی شێوەی گەشەی ئابووری و پەرەپێدانی ئاستەکانی پەیکەری پیشەسازی.

گەشەپێدانی پیشەسازی رۆشنبیری و داهێنەرانە بوە هۆی گەشەی شێوەی ئابووری (چین) بە ئاستێکی بەرز، لە کاتیی پەیڕەوکردنی سیاسەتی چاکسازی و کرانەوە پێش 30ساڵ لەمەوبەر، ساڵانە 10% تێکڕای گەشەی ئابووری بەرز دەبویەوە، رەگەزی سەرەکی بۆ وەبەرهێنان لە پیشەسازی رۆشنبیری و داهێنان تەنها دەرامەت و سامانی هزری بوە، لە کاتێکدا بە شێوەیەکی سنووردار پشتیان بە دەرامەتی ماددی و بەکارهێنانی وزەو پیسبوونی ژینگە بە کەمی بەستووە، کارەکانیان زێتر هاوڕێی ژینگە بووە.

پیشەسازی رۆشنبیری و داهێنان بەشێکی گرینگی پیشەسازی خزمەتگوزاری نوێی وڵاتی چین کە بە بەرهەمەکانیان رۆشنبیری خۆیان لەوپەڕی سنووری جوگرافیاییەوە دەبەنە نێو هەموو ماڵێکی جیهان، ئەوەتا تورکیا و ئێران و کۆریای باشوورو مالیزیاو چەندین وڵاتی دیکە بە هەمان چەشەن بەرهەمەکانیان بازاڕی هەرێمی کوردستانی پڕکردووە و تەنانەت تورکیاو ئێران و کۆریای باشووریش شاشەی میدیاکانیشان لێ داگیرکردووین، فەرهەنگی ئەو سێ وڵاتە لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبێتە بە شێک لە فەرهەنگی کوردی، بە داخەوە شتێک نامێنێت بەناوی فەرهەنگ و کەلەپووری رەسەنی کوردەواری!

هەمدیس مۆدیلی فەڕەنسا لە سەرکەوتنی لە بواری پیشەسازی رۆشنبیری، ئەو نمونەیەیە بەهۆی ئەوە بووە کە کەرتی حکومەتیش دەستی تێکخستوە لە ساڵی ١٩١٨ فەڕەنسا بۆ یەکەمجار وەزارەتی هونەری دامەزراندوە و ئەو پیشەسازییە سەرکەوت بە چاودێری حکومەت لە کاتی دەستێخستن لە ئامادەکاری هونەری و پاراستنی کەلەپوور و چاودێری دەستپێشخەرییە داهێنانکارییەکان.

لەو سی ساڵەی دواییدا پیشەسازی رۆشنبیری و داهێنەرانە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا(٧.٧٥٪)سەرجەمی بەرهەمی ناوەخۆیی پێکدێنێت، هەورەها بەرێژەی (5.9%)بەشدارە لە دەرفەتی کار لەسەر ئاستی ناوەخۆیی، لە هەمان کاتدا داهاتی هەناردەکردنیان لەو بوارەدا ساڵانە (٨٥) ترلیۆن دۆلارە (بلیۆن)هەرچی ئوسترالیایە داهاتی پیشەسازی رۆشنبیری و داهێنەرانەی (٢٥) ملیار دۆلاری ساڵانەیە. لەلایەکی دیکەوە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبیدا دەبینین ئیماراتیش درکی بە گرینگی و بایەخی ئەو جۆرە کردووە لە وەبەرهێنان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای داهێنانکاری و راکێشانی هەزاران کۆمپانیا بۆ دابینکردنی دەیان هەزار دەرفەتی کار بۆ داهێنەران، ئەمەش

تێگەیشتنێکی دیکەی نوێیە بۆ دارِشتنەوە لە پێشەنگکاری داهێنەرانە لە ناوچەکەدا.

لەو سونگەوە رۆشنبیرانی ئەمەریکا هاوشێوەی درکیان بەوە کردووە جەنگی سەرباز لە رێگەی چەکەوە کاتی بەسەرچوەو ئێستا کەناڵی دیکەو رێگەی دیکە هەنە بۆ ئەوەی پەل بهاوێژی بۆ وڵاتان و سەپاندنی هەژموونی سیاسی و ئابووری وڵاتان، ئەوەتا (جۆزیف نای) نووسەر و بیرمەند و سیاسی ئەمریکی، لە ساڵانی نەوەدەکان چەمکێکی سیاسی داهێناوەکە پێی دەڵێت هێزی نەرم (Soft Power)، هەر بەو تایتڵەشەوە لە ساڵی ٢٠٠٤ کتێبێکی نووسیوە، ئەو پێیوایە دەوڵەت دوو هێزی سەرەکی هەیە،هێزی رەق کە خۆی لە هێزی سەربازی و ئابووری دەبینێتەوە ،کە بە شەرِ و سزادان و پاداشتی ئابووری بەرامبەر ناچار دەکات ببێتە دۆست و هاوپەیمانی،واتە سەپاندنی هەژموون لە رێگەی ئابووری و سەربازیەوە، لەلایەکی دیکەشەوە هێزێکی دیکەی هەیە ئەویش هێزی نەرمی،کە ئەمەیان لە رێگەی فەرهەنگ و هونەر و وەرزش و مارکە و بەهاکانەوە هەژموونی دەوڵەت بڵاودەکاتەوە و بەهێزی دەکات، بۆ نموونە بەشێکی گەورەی هەژموونی ئەمریکا لە جیهاندا بە هۆی هۆلیود و کۆکاکۆلا و ماکدۆنالدز و مایکڵ جاکسۆنە...هتد، هەروەها ملیۆنان

مرۆڤ هەیە لەسەر ئاستی جیهان ولاّتی بەرازیلیان خۆش دەویت بە هۆی پیلێ و رۆنالدۆ و ریڤالدۆ ونیمارەوە...هتد. بەشیکی هەژموونی فەرەنسا بەهۆی جوانی و نایابی شاری پاریسە. ئەمە بۆ ولاّتانی دیکەش هەر راستە.
کەناڵی تەلەفزیۆنی ئەلجەلزیرە، هێز و پیگەیەکی گەورەی بەخشیوە بە دەوڵەتیکی بچووکی وەک قەتەر، ئەو بیرمەندە ئەمەریکییە هەر لە کتیبەکەیدا ئاماژە بە بەشیک لەم نموونانە دەکات و ئەو پییوایە ئیستا بۆ ئەوەی بەهێز بیت،باوی ئەوە نەماوە تەنها پشت بە هیزی سەربازی و ئابووری ببەستیت،بەڵکو هیزی نەرم بە ئەندازەی هیزی رەق گرینگە و لە هەندێ کات گرنگتریشە.
دەشێ قسە لەسەر روسیای دووەم گەورە زلهیزی ئیستا بکەین کە یەکێ لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەوەی مۆندیالی بردە ولاّتەکەی ،هەر ئەم تیروانینە بوو تا وینەی مۆسکۆ لە جیهاندا گۆڕی لە شاریکی خاوەن کلاّوەی ئەتومیەوە کردی بە شاریکی وەرزشی و خەڵکی زۆربەی ولاّتان لە مەیدانی سوور خەریکی ئاهەنگیڕان و شادی بوون.
نووسەری لوبنانی عەلی حەرب چەمکی هیزی نەرمی بەکارهینا بۆ خوێندنەوەی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی، ناوی نا شۆڕشەکانی هیزی نەرم،کە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و میدیاکان رۆڵیکی سەرەکیان تیایدا بینی و هیزی گەورەی

سەربازیان تێکشکاند. زۆرێک لە دەوڵەتانی دنیا ئەوانەی مەبەستیانە هەژموونی خۆیان بڵاو بکەنەوە پەنا بۆ ئەو ریگەیە دەبەن،چونکە کاریگەری زیاتر و قووڵترە، هەروەها ئاسانتر قبووڵ دەکرێت.
لەو روانگەوە دەکرێت هەرێمی کوردستان، کە تا ئێستا لە نەبۆتە دەوڵەت، بەڵام هەرێمێکی یاسایی دانپێنراوە لە دەستووری عێراقی فیدڕاڵدا، کەڵک لە پیشەسازی رۆشنبیری یا فەرهەنگی وەربگرێت کە بە زاراوەی ئێمە باسمانکردوە لەو کتێبە ئابووری پرتەقاڵی، لەبەر ئەوەی هەم دەبێتە سەرچاوە داهاتی نەتەوەیی بۆ بەهێزکردنی ئابوورییەکەو هەمیش دەروازەیەکی دیکەیە لە دەستخستنی داهات، لەلایەکی دیکەوەشەوە وەک هێزی نەرم کەڵکی لێوەر دەگرێت بۆ پرسی نەتەوەیی و راکێشانی سەرنجی میللەتانی جیهان و بڵاوکردنەوەی فەرهەنگی نەتەوەیی کورد، بۆ ئەم مەبەستە دەکرێت لەسەر ئاستی تاک و دامەزراوە فەرمی نافەرمییەکانی کوردستان کاری لەسەر بکرێت بە جۆرێک کار لەسەر بوژانەوەی دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان بکات وەک: (کتێبخانە، شانۆ، سینەما، مۆسیقا،تیپی هونەرە میللییەکان، هەڵپەڕکێ کوردی، تابلۆ هونەرییە رەسەنەکان....هتد)، هاوشان لەگەڵ ئەو پڕۆسەدا سیستەمێکی بازرگانی دادپەروەرانە کە هانی پیشەسازییە

کللتورییەکان بدات لە دروستکردن و دابەشکردن و بڵاوردنەوەی بەرهەمە رۆشنبیرییەکان هەنگاوێکی ئەرێنی و شارێگەی لۆبییەکی بەهێزە بۆ پرسی کورد لە جیهان، لەبەرئەوەی وەبەرهێنان لە سێکتەرە رۆشنبیرییەکان و بە پیشەسازیکردنی کەرتی رۆشنبیری کەڵکی ئابووری و نەتەوەیی زیاترە بە بەراورد بە وەبەرهێنان لە کەرتی خانووبەرە، بۆ ئەمەش پێویستە یاسای وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان هەموار بکرێتەوە بە زیادکردنی بڕگەی و ماددی تایبەت بە هاندان و ئاسانکاری پیشەسازییە رۆشنبیرییەکان بە ئامانجی سوود وەگرتن لە ئابووری پرتەقاڵی بۆ هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدا لە پاڵ هەموارکردنەوەی یاسای وەبەرهێنان دامەزراوەیەکی تایبەت راستەوخۆ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیران بێت، دروست بکرێت، بەناونیشانی (ئاژانسی نیشتمانی بۆ گەشەپێدانی پیشەسازی ڕۆشنبیری و داهێنان)، تا ئەو دامەزراوەیە کار بکات بۆ پەرەپێدانی پیشەسازییە رۆشنبیرییەکان، لە هەمان کاتدا لەسەر ئاستی وەزارەتەکانی (رۆشنبیری و لاوان، پەروەردە، خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی، پیشەسازی و بازرگانی، دەستەی وەبەرهێنان،دەستەی گەشتووگوزار،شوێنەوار) هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ ئەو دامەزراوەیە هەم بۆ جێکردنەوەی لە

پرۆگرامی خوێندن لە باخچەی ساوایانەوە تا دەگاتە زانکۆو هەمیش بایەخدانی بابەتی پیشەسازی رۆشنبیری تێکهەڵکێش بکرێت لە چالاکییەکانی وەزارتە پەیوەندیدارەکان، بەڵام رەنگە هەموو ئەو کارانە لە توانای دامەزراوەکانی حکومەت نەبێت، بەڵکو دەشێ کەرتی تایبەت بخزێنرێتە نێو ئەو پرۆسەیەو پیشەسازییە رۆشنبیرییەکان بە تایبەتی بکرێت و کۆمپانیاکان هەڵسن بەو چالاکییانە، بەمەرجێک یاسا باوەکان نەبن رێگر لە بەردەم ئەو چالاکییە رۆشنبیرییانەو رووبەڕووی ئاڵنگاری نەبنەوە، ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی رەخساندنی هەلی کاری زیاترو سەرچاوەی داهات بۆ بەهرەمەندان و هونەرمەندان و نووسەران و شانۆکاران و نمایشکاران و داهێنەران و میدیاکاران و ....هتد.

## شەش کڵاوەکەی بیرکردنەوە

ئیدوارد دی بۆنۆ، پزیشکی بەناوبانگ، لە کتێبی شەش کڵاوکەی بیرکردنەوەدا، باس لە رەنگەکان و شێوازو رێگاکانی بیرکردنەوە دەکات، کە لە ژیانی رۆژانەمان بەکاری دەهێنین، بۆیە پێویستە کڵاوێک هەڵبژێرین بە رەچاوکردنی هەموو ئەو هەڵوێستانەی دێتە بەردەممان تا تێڕوانینمان لە بارەی هزرو بیرکردنەوەی خۆمانەوە هەبێت، وەک ئەم رەنگانەی خوارەوە:

### ١.رەنگی سپی: بیرکردنەوەی بێلایەن

ئەو بیرکردنەوەیە لەسەر بنەمای پرسیارکردن لە پێناوی گەیشتن بە راستییەکان و ژمارەکان راوەستاوە. کۆکردنەوەی زانیاری ١+١=٢.

جەختکردنەوەی زانیارییەکان بێلایەنە، هاوشێوەی کۆمپیوتەر لە پێدانی زانیاری پابەندە بە پرسیاری دیاریکراو بۆ وەرگرتنی راستی و زانیاری.

### ٢.رەنگی زەرد: بیرکردنەوەی ئەرێنی

پێچەوانەی بیرکردنەوەی نەرێنیەو پشت بە هەڵسەنگاندنی ئەرێنی دەبەستێت، جەخت لەسەر گریمانەی سەرکەوتوو کەمترین گریمانەی شکست دەکات، لایەنی ئەرێنی جەخت لەسەر دەکاتەوە.

**٣.ڕەنگی سوور: هێمایە بۆ بیرکردنەوەی سۆزدار**

پێچەوانەی بیرکردنەوەی بێلایەنە، لەسەر بنەمای قوڵایی و سۆزدارو هەستە، عەقڵ بەکارناهێنێت، دیارترین هەستەکانی (دڵخۆشی، متمانە،تووڕەیی، رق، ئارامی، ترس، دوودڵی، خۆشەویستی، دڵپیسی، گومان)ە، زێدەڕۆیی لە شیکردنەوەی لایەنی سۆزداری دەکات، قورساییەکی لە رادەبەدەرە، هاوشێوەی ئاڵودەبووە، گوێیگری زیاتری دڵە نەک عەقڵ.

**٤.ڕەنگی سەووز- کەسک: وەک هێمایەک بۆ داهێنان**

ئەو رەنگە سەنتەری داهێنان و تازەگەرییە وەکو گەشەی رووەک لە کاتی رواندینەوە تا گەورە دەبێت، هەوڵدەدات بۆ پێشخستنی بیرۆکەی تازەو بیرۆکەی ناوازە، ئامادەیە بۆ لە ئەستۆگرتنی مەترسییەکان و دۆزینەوەی رێگە چارەی تازە، بە دوای جێگرەوە بۆ هەموو شتێک دەگەڕێت.

**٥.ڕەنگی شین: هێمایە بۆ بیرکردنەوەی گشتیگیر**

ئەو بیرکردنەوەیە روانینێکی گشتییە کە هۆکاری سەرەکی دیاریکردنی ئەو رەنگەش بۆ ئاسمانی شین دەگەڕێتەوە کە هەمووشتێک دادەپۆشێت و لە ژێریشی هەموو شتێک هەیە. رەخنە دەگرێت لە بۆچوون و رەتکردنەوەی لە رێگەی لۆژیک، جەخت لەسەر گریمانە شکست دەکات و کەمترین ئەگەری سەرکەوتن دادەنێت، لە هەموو بیرۆکەیەک جەخت

لەسەر لایەنی نەرێنی دەکاتەوە، هەمیشە رەش بینەو گەشبین نیە بە گریمانەی سەرکەوتن.

**٦.رەنگی رەش: بیرکردنەوەی نەرێنی**

هیچ کات گەشبین نیە، بە گریمانەی سەرکەوتن رەشبینەو جەخت لەسەر ئاستەنگەکان و ئەزموونە شکستخواردووەکان دەکاتەوە، لۆژییکی راست و هەندێ جار ئاڕاستەی ناڕاست بەکاردێنێ لە رەخنەکانیدا، دژی بیرکردنەوەی تازەیە.

**نەوتی داهاتوو**

مەعریفە، نەوتی هەمیشەییەو کەم نابێتەوەو کۆتایی نایەت و هەردەم لە زیادبوندایەو هەرچەندە زێتر بێت خولقاندن و پێشکەوتن دێنێتەکایەوە، لەو کلاورۆژنەیەدا مرۆڤ دروستکەری گۆڕانکاری و تازەگەرییە، بۆیە وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆیی لە فێرکردن و راهێناندا دەبێتە هۆی بناغەیەکی پتەوی بەرهەمهێنهانی بەردەوام، پاشان ئابووریەکی رکابەری بەهێز دروست دەکات، کە پشت بە بەرهەمیهێنانی راستەقینە و داهێنان و تەکنەلۆژیا دەبەستێت، تا گەشەی ئابووری بەدی بهێنرێت.

ئێستاش لەدونیای تازەدا، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی هاوسەنگی تازەی هێز گۆڕاوە کە بۆ خاوەنداریەتی مەعریفە و قۆرخکاری نهێنیەکان دەگەڕێتەوە، مەعریفە رۆڵی ئامرازو کالا لە ئابووریدا دەبینێت، بەهۆی ئەوەی کالا تێچوویەکی گۆڕاوو بەرزی هەیە، بەڵام مەعریفە تێچووی سنووورداری زۆر نزمی هەیە بە بەراورد بە بەرهەمهێنانی کالای دیکە لە ئابووری کلاسیکی دا، چونکە تێکڕای گەشەکردن پەیوەستە بە بەرهەمهێنانی مەعریفە کە قەبارەکەی گەورەیەو کاریگەری زۆرە لە بە هێزکرن و گەشەپێدانی ئابووری، لە هەمان کاتدا لە هەموو دۆخەکاندا هاوڕێی ژینگەیەو هەردەم ئەگەری رووبەڕوبونەوەی

مەترسی هەیە لە کاتی هاتنە ئارای گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان لە جیهان، بۆیە ئاماژەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە پێویستە پەرە بە وەبەرهێنان لە پەروەردەو خوێندن و زانست بدرێت، ئەگینا نەک دادەبڕێن، بەڵکو هێشتا دەچینە ریزی وڵات دواکەوتووترەکانی دیکەی جیهان، لەبەرئەوەی بەپێی لێکۆڵینەوەیەک لە سەر 192 وڵات کراوە لە جیهان، کە رێژەی 16% گەشەکردنی ئابووری دەگەڕێتەوە بۆ سەرمایەی ماددی، 20% بۆ سەرمایەی سروشتییە، ئەوەی دیکەش 64% کە رێژەیەکی زۆر بەرزە دەگەڕێتەوە بۆ سەرمایەی مرۆیی، ئەوەش لە رێگەی فێرکردنە کە هێزی مرۆیی زیاد دەکات، بە تواناو زانیاری و لێهاتوویی، بەها و ئاڕاستەکان دەبێت، کە ئەمەش رێژەی دیاردەکانی بێکاری، هەژاری و نەخوێندەواری و پاشکەوتویی کەمدەکاتەوە، چونکە فێرکردن ئاستی بەرهەمداری تاک بەرەو هەڵشکان دەبات و رێژەی داهاتیان زێتر دەکات و ئاستی تەندروستیان باشتر دەکات، بەمەش مەعریفە رۆڵی گەورە دەگێڕێت لە گەشەپێدانی لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی، هەر لەبەر ئەوەشە بەرزی رێژەی داهاتی نەتەوەیی لە زۆربەی وڵاتاندا، ناگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی وەبەرهێنانی کلاسیکی، بەڵکو بۆ وەبەرهێنان لە فێرکردن و

بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن و رۆشنبیری بۆ کۆمەڵگا دەگەڕێتەوە، ئەوەش وا کات ئەو بۆشاییەی لە نێوان خواست و خستنەڕووی هێزی کار هەیە لە بازاڕی کاردا، کەمبێتەوە یا هەر نەمێنێت تا ئاستی بەگەڕخستنی تەواوەتی، چونکە هێزی کار زۆرینەی دەبنە هێزی کاری کارامەوە لێهاتوو لەرێگەی دەوڵەمەندکردنی هەگبەکانیان بە زانست و شارەزایی هاوچەرخ لە ئاست خواستی بازاڕ بێت، ئەمەش بە خۆماڵیکردنی مەعریفەی کوردی دەبێت، لەوەشدا رەهەندی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە کە دەستەواژەی گواستنەوەی مەعریفە لە سەرچاوەکەی لە دەرەوەو کارکردن لە دروستکردنی لە ناوەو بە شێوەیەک جێگەی رەخنە نەبێت تێدەپەڕێنێت، وەلێ بە کوردستانیکردنی مەعریفە وا دەکات ناوەندە ئەکادیمیە راهێنەرو فێرکارییەکان لە ناوەخۆی بێت و لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی هاوگونج بێت لە بری چوونە دەرەوە بۆ بەدستهێنانی بڕوانامەی خوێندنی باڵا بێت، ئەوا ناوەخۆ دەبێتە ناوەندی هەموو ئاست و تەمەن و رەگەزەکان و سەنتەری فێرکردنی بەردەوامی پێگەیاندن و راهێنانی فێرکردنی هەمیشەیی، کە ئەمەش یەکدەگرنەوە لەگەڵ خواستەکانی گەشەپێدانی ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردستانیان لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە هۆی:

١.زیادبوونی سەرجەمی بەرهەمی نەتەوەیی.
٢.چاککردن و بەرزکردنەوەی ئاستی گووزەرانی کۆمەڵگە بە شێوەیەک دادپەروەری و یەکسانی تێدابێت لە رووی جوگرافییەوە.
٣.بەرزکردنەوەی هێزی کاری لێهاتوو کە ئەوەش وا دەکات بەرهەمهێنان لە رووی جۆری و چەندایەتی بەرزبێتەوە.
٤.پرۆسەی توێژینەوەی زانستی و وەرگری بەرهەمهێنانی مەعریفە دەبێتە هۆی پارەدارکردن بۆ بەرهەمهێن.
دامەزراوەکانی وەک زانکۆو قوتابخانەکان خوێندنی دەگۆڕێت لە دامەزراوەیەکی فێرکردن بۆ دامەزراوەی قازانج ویست کە کاریگەربێت بە گۆڕاوەکانی بازاڕ، لەوێشدا دەبێت ئەو دامەزراوانە سەربەخۆ بن لە رووی کارگێڕی و دارایی و زانستییەوە، تا وەبەرهێنانی راستەقیەنەی مرۆیی بکەن، واتە وەبەرهێنان لە زانیاری و بیرۆکە بۆ کاڵاو خزمەتگووزاری وەک: ماکدۆناڵد، ئەپڵ....هتد بکەن.
لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە ئایا وەبەرهێنان لە بیرۆکەو هزری تازەو قۆستنەوەی دەرفتەکان بۆ واقیع دەبێتە جێگرەوەی نەوت؟ بێگومان بەڵێ، بەڵێ وەبەرهێنان لە خوێندنی باڵاو زانکۆکان و توێژینەوەو بیرۆکەو هزری تازەی قوتابیان، دەبێتە جێگرەوە، چونکە مەعریفە سەنتەری

هێزی نەرمە، دەتوانرێت بکرێن بە رەنگێکی دیکەی سەرچاوەی داهاتی هەرێمی کوردستان. بەداخەوە نەتوانرا وەک پێویست کەڵک لە تواناو لێهاتوویی ئەوانەی تواناسازی وەربگیرێت کە ئەزموونی باشیان وەرگرتوە لە زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان لە زۆربەی وڵاتە جیاوازەکاندا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونی مەعریفی و فەرهەنگی و کلتووری جیاوازیشیان هێناوەتەوەو بۆ هەرێمی کوردستان، کەچی وەک پێویست نەتوانرا بەکاربهێنرێن بۆ گەشەپێدانی زانکۆکان و کۆمەڵگەو دامەزراوەکانی حکومەت.

لە بارەی خوێندن و مەعریفەوە لە دروستکردنی کەسایەتی و دروستکردنی مرۆڤ، دەکرێت کەڵک لە چیرۆکی چیرۆکنووسی ناودار پاولۆ کۆیلۆ، وەربگرین کە لە کورتە چیرۆکێکیدا دەڵێت: باوکێک سەرقاڵی خوێندنەوەی ڕۆژنامە بوو، بەڵام کوڕە بچوکەکەی وازی لەبێزارکردنی نەدەهێنا، کاتێ باوکەکە ماندوو بوو لەو بێزارکاریانەی کوڕە بچوکەکەی، پارچەیەکی لەڕۆژنامەکە دڕاند کە وێنەی نەخشەی جیهانی لەسەر بوو، پارچە پارچەی کردو دایە دەست کوڕەکەی و داوای لێکرد ڕێکی بکاتەوە .باوکەکە دەستی کردەوە بەخوێندنەوەی ڕۆژنامەکە، وا گومانی برد منداڵەکەی بەدرێژایی ڕۆژ خەریکی ڕێککردنەوەی نەخشە

پارچە پارچە کراوەکە دەبێت. پاش پازدە خولەک منداڵەکە هاتەوەو نەخشەکەی ڕێک کردبووەوە، باوکەکە سەری سوڕماو پرسیاری لێ کرد: ئایا دایکت فێری جوگرافیای کردوویت؟ منداڵەکە وتی: نەخێر، باوکەکە لێی پرسی: ئەی چۆن وا زوو نەخشەکەت ڕێک کردەوە؟ منداڵەکە وتی: لە پشتی وێنەی نەخشەکەی جیهان، وێنەی مرۆڤێک هەبوو، کاتێ وێنەی مرۆڤەکەم ڕێک کردەوە، وێنەی جیهانیش ڕێک بوویەوە. ئەمە دەربڕینێکی ئاسایی بوو لەوکاتەدا، بەڵام جوان پڕ مانایە، کاتێ مرۆڤ بونیاد دەنێیتەوە، جیهانت بونیاد ناوەتەوە، بۆیە ئەگەر لە ڕێگەی مەعریفەوە هەرێمی کوردستان توانای مرۆڤ دروست بکاتەوە، کەوایە کۆمەڵگای دروست کردۆتەوە، لە کۆتایدا کەسی خاوەن مەعریفەو بەرهەمهێن لە دایک دەبێت. لە سەروو هەموو ئەوانەشدا توێژینەوەکان و کتێبە زانستییەکان کە ساڵانە چاپ دەکرێن بە خۆماڵی بکرێن و وەربگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی شۆڕشی زانستی و مەعریفی دێتە کایەوە، چونکە مەعریفە نەوتێکی هەمیشەییەو و کەم نابێتەوەو هەمیشە لە هەڵکشاندایەو بەهای گۆڕانکاری بەسەر دانایەت و نرخی بەرزو نزمی ناکات، لە بازاڕ نامێنێتەوەو کەس نەیکڕێت!

# بەشی دووەم
# دەروازەیەک بۆ کاری ئازاد و پێشەنگکاری

# تەوەرەی یەکەم

# کاری ئازادو پیشەنگکاری

**پێشەنگکاری داهێنەرانە**

پێشەنگی لە کار، واتە توانا و لێهاتوویی تاک لە گۆڕینی بیرۆکە بۆ کردار، کە هەریەک لە بیرۆکەی داهێنەرانەو مەترسیی لەکاتی بڕیاردان لەخۆ دەکرێت، هەروەها توانستی تاک بۆ پلاندانان و بەڕێوەبردنی پڕۆژە بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکان. پێشەنگکاری یاخود کارسازی لەسەر بناغەی هەبوونی بیرۆکەی گونجاو هەلی ڕەخساو دێتە ئاراوە، کە ئەمانەش دەبنە هۆی گواستنەوەی ئەم بەهایە بۆ کەسانی دیکە. ئەم بەهایانە دەکرێت بگوترێت ئابووری یان کۆمەڵایەتی یاخود فەرهەنگی بن، لەو ڕووانگەوە دەتوانین بڵێین دەستپێشخەری کار یا پێشەنگکاری پڕۆسەیەکە بۆ دەستنیشانکردن قۆزتنەوەی هەل لە ڕێگای بەکارهێنانی سەرچاوەی پێویست یا بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاک سەبارەت بە هەلی کار.

لەلایکی دیکەوە دەکارێت بێژین پێشەنگکاری هونەری دۆزینەوەی دەرفەت و گۆڕینی ئەو دەرفەتە بۆ پیشەوەرییەکی سەرکەوتووە لەبەرئەوەی پێشەنگکاری، دونیا هەمیشە بە نوێی دەهێڵێتەوە، بوێریی لە کردار دەهێنێتە پێشەوە و کار دەکات لەسەر تێکشاندنی شێوازی کۆن و لەجێدانانی نوێگەریی.

**پێشەنگکار- کارساز**

ئەو کەسەیە کە بیرۆکەی نوێ دادەهێنێت و پەرەی پێدەدات بەخۆ لە مەترسیدان بەمەبەستی دروستکردنی بەرهەمی نوێ کە لە کۆتاییدا سوود بەکڕیار دەبەخشێت.

پێشەنگکار، ئاماژەیە بۆ کەسەکە، هەرچی پێشەنگکارییشە ئاماژەیە بە پڕۆسەکە، پڕۆسەیەکە کە هیچ پەیوەندی بە ڕەگەزەوە نییە و هەردوو ڕەگەز دەتوانن تێیدا سەرکەوتوو بن، بۆیە هەموو پێشەنگکاران خاوەن کارن، بەڵام هەموو خاوەن کارێک پێشەنگکار نییە.

پێشەنگکار، کەسێکە هەمیشە بەدوای ئەو گۆڕانکارییانەدا دەگەڕێت کە دەبنە هۆی گەشەی ئاڕاستەی کارو دەست بە کارێکی نوێی داهێنەرانە دەکات.

پێشەنگکار، کەسێکی داهێنەرانەیە قەبارەی قازانجەکانی بەرەو هەڵکشان دەبات، لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی نەخشەڕێگای نوێ بۆ بەدیهێنانی بەرهەم و خزمەتگوزاری نوێ.

پێشەنگکار:

١. بەڕێوەبەرە.
٢. خاوەن کارە.
٣. خۆی لە مەترسی دەدات.
4.دەست بەکارێکی داهێنەرانە دەکات.

پێشەنگکار، کەسێکە توانای بەدەستهێنانی قازانجی هەیە لە ڕێگای مەترسی و دەستپێشخەری و ئاستێکی بەرز پیشاندەدات لە ڕێبەریکردن و بەڕێوەبردنی کاردا. هەبوونی کارامەییەکانی بەڕێوەبردن و پێکهێنانی تیمێکی بە توانا بە دوو هۆکاری سەرکەوتنی پێشەنگکار لەقەڵەم دەدرێن.

بە جۆرێکی تر دەتوانین بڵێن پێشەنگکار کەسێکە هەلی کار دەڕەخسێنێت، نەک بەدوای کاردا بگەڕێت.

پێشەنگکار کەسێکە:

١. خاوەنی خەونە.
٢. دیدگای هەیە.
٣. توانای خۆ لەمەترسیدانی هەیە و لەهیچ نەبوو، شت بەرهەمدێنێ.

پێشەنگکار کەسێکە کە:

١. توانای دەستنیشانکرنی هەل و بەدواداچوونی هەیە.
٢. دەستپێشخەرە لە کار.
٣. توانای دابینکردنی سەرچاوەی دارایی هەیە بۆ پشتگیریی و هاندانی پڕۆژەکەی.
٤. توانی دابینکردنی سەرچاوەی مرۆیی و دارایی هەیە بۆ دەستپێکردنی پڕۆسەکەو ئامانج بۆ خۆی و کەسانی تر دادەنێت.

٥. کاری گونجاو دەکات بەمەبەستی سەرکەوتن و پێشبینی هەندێک یان تەواوی مەترسییەکان دەکات.

زۆرجار لێرەو لەوێ، ئەوانەی لە کەرتی تایبەت یا کەرتی گشتی کار دەکەن، گلەیی دەکەن لە کارەکەیان یا نارازین یاخود حەز بە کارەکە ناکەن، یا هەست دەکەن تواناو لێهاتوویان زیاترە بە بەراورد بەو کارەی دەیکەن ئا لەو کاتەدا بیرۆکەیەک بە مێشکیان دادێت کە کارەکەیان بگۆڕن، بەڵام ئایا بۆچی هەندێ کەس پیشەکەیان دەگۆڕن بۆ پیشەی ئازاد؟ هۆکاری گۆڕینی پیشە دەگەڕێتەوە بۆ سێ خاڵی گرینگ:

١.هەستکردن بە جیاوازی.
٢.حەزکردن لە داهاتی زۆر.
٣.دەربازبوون لە پابەندبوون.

**جۆرەکانی کار**

دوو جۆری کارکردن – وەزیفە هەیە:

١. کاری ئازاد: نمونەی پڕۆژەی تایبەت بە خۆت هەبێت وەک فرۆشگەیەکی بازرگانی، کۆمپانیایەک، پڕۆژەیەک، واتە کار دەکەیت بە شێوەیەکی سەربەخۆ بۆ بەرژەوەندی خۆت.

٢. کاری وەزیفی: وەک کارکردن لە دامەزراوەیەکی حکومەت، یاخود کارکردن وەک کارمەند لە کۆمپانیا یا دەزگایەکی کەرتی تایبەت، کار دەکەیت بۆ بەرژەوەندی کەسانی دیکە و پابەندی ڕێساو یاساکانی و سەربەست نیت.

**کاری ئازاد**

کاری ئازاد لە دێر زەمانەوە هەبوە وەک کشتوکاڵکردن و شوانکاری...هتد، لەم جۆرە کارکردن تێیدا سەربەخۆیەو پابەندی هیچ ڕێساو یاسایەکی دیکە نابیت جگە لە خۆت.
بەپێی پێناسەی فەرهەنگی کامبرێدج چەمکی کاری ئازاد واتای کارکردنی دیاریکراو بۆ ژمارەیەک کۆمپانیا، لە بری پابەندبوون بە کارکردن بە درێژایی کات بۆ تەنها یەک دامەزراوە جا حکومەت بێت یا کەرتی تایبەت.

**پێشەنگی**

دەکرێت بە چەند خاڵێک چەمکی پێشەنگی روون بکەینەوە بەمشێوەیەی خوارەوە:

- رووبەڕووبنەوەی مەترسی.
- داهێنان.
- دامەزارندنی ڕێکخراو.

- دروستکردنی بەها.
- قازانج.
- گەشەپێدان.
- نایابی.
- کاراییکردن.

هەرچی پێشەنگکارییە لەسەر بناغەی هەبوونی بیرۆکەی گونجاو هەلی ڕەخساو دێتە ئاراوە، کە ئەمانەش دەبنە هۆی گواستنەوەی ئەم بەهایە بۆ کەسانی دیکە. ئەم بەهایانە دەکرێت لەبۆتەی ئابووری یان کۆمەڵایەتی وەیان فەرهەنگی بن.

# تەوەرەی دووەم

# گواستنەوەی بیرۆکە بۆ دەرفەت

## چەمکی داهێنان

داهێنان، هەموو بیرۆکەیەکی تازەی بە سوودە، کە دەتوانرێت جێبەجێ بکرێت. بیرۆکەیەکی نوێیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی هەنووکەیی کە دەتوانرێت لە رێگەی پیشەسازییەوە بەرهەم بێت. داهێنان پەیوەندی بە مێشک و بیکردنەوە هەیە،داهێنان تەنها بەهرە نییە، بەڵکو لە منداڵدانی ئەو بەهرەیەدا سامان لە دایک دەبێت یا وەدەست دێت، هەر لە روانگەی پێداویستییە سەردەمییەکانەوە، داهێنان دێتەکایەوە، واتە لە هەناوی پێداویستییەکانەوە داهێنان لە دایک دەبێت.

داهێنەر شتێکی نوێی پێشکەش دەکات کە هیچ کەسی دیکە پێشکەشی نەکردووە. ئەدیسۆنی زانای گەورە کارەبای داهێنا کە هیچ کەس پێش ئەوە نەیتوانی بوو ئەو کارە پێشکەش بکات، لە دوای ئەویش کۆمەڵی داهێنانی دیکە کرا وەک فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان، شاشەی پلازما، تەلەفۆنی زیرەک، .....هتد.

## داهێنان- Patent

پارێزگاری کاتییە بۆ بیرۆکەیەکی تازەی پەسەندکراو ناوازەو کەڵکی کۆمەڵی هەبێت و بتوانرێت جێبەجێبکرێت، هێزی یاسایی بە داهێنەر دەدات بۆ رێگەگرتن لە هەر کەسێک لە بەکارهێنانی داهێنانەکە بە بێ ئیزن یا رێگەپێدانی داهێنەر.

## تایبەتمەندییەکانی بەڵگەنامەی داهێنان

١. پێویستە داهێنانەکە شتێکی تازە بێت و پێشتر هیچ کەس زانیاری لەسەر نەبێت.

٢. پێشخستنی بیرۆکەکە تەنها زانیاری نەبێت بۆ کەسی ئاسایی، بۆیە نابێت پرۆسەی پێشخستنەکە گۆرانکاری ئاسایی بێت بۆ ئەو بەرهەمە.

٣. پێویستە داهێنانەکە بگۆڕدرێت بۆ بەرهەمێکی بازرگانی یا پیشەسازی.

**تازەگەری - الاختراع**

توانای پێشخستنی هزرە یا کارە یا دیزاینە یا شێوازە یا هەر شتێکی دیکە، بە ڕێگەیەکی چاکتر بە کەڵکتر.

تازەگەری پشت بە جێبەجێکردن و بەکارهێنانی واقیعی دەبەستێت، بەڵام داهێنان هێنانەدی بیرۆکە یا دیزاین شێوازێکە کە پێشتر نەبوەو هاوشێوەی نییە، مەرجیش نییە داهێنان بتوانرێت جێبەجێبکرێت، تا هەموار نەکرێتەوە یا زیادەی بخرێتە سەر بۆ باشتر ئەو زیادەیە پێی دەگوتۆیت تازەگەری( الابتکار).

**تایبەتمەندییەکانی داهێنان و تازەگەری**

١. هزری داهێنەرانە، هەمیشە بچووکە، پاشان قۆناغبەندی جۆراوجۆر دەرباز دەبێت.
٢. داهێنان پێویستی بە پاڵپشتی سەرکردە هەیە، واتە ئەگەر هزری داهێنەرانە نەگاتە سەرکردەکان، ئەوە ناگاتە ئەنجام.
٣. پێویستە داهێنان تازەو نوێ بێت.
٤. داهێنان دەتوانرێت گەشە بکات و پشتوانی لێ بکرێت.

٥. داهێنان سنووردار نییە بۆ زیرەکی، بەڵام بوونی زیرەکی توانای دروستکردن زیاد دەکات.
٦. داهێنان لە هزری هەر یەکێکمان هەیە، بەڵام بە پلەی جیاواز.
٧. داهێنان ئامانجی بە دیهێنانی سوودو کەڵکە بۆ هەموو (تاکێک، رێکخراوێک، کۆمەڵگەیەک).
٨. داهێنان تەنها بۆماوەیی نیە،( واتە کەسێک لە دایک نابێت لە سروشتەوە وەک داهێنەر)، بەڵکو گەشەپێدانی داهێنان لە نێو مێشکی کەسەکەیە لە رێگەی راهێنان و ئەزموون و مەشقکردنەوە لەگەڵ ژینگەیەکی هاندەر بۆ داهێنەران.
٩. پێویستە هزری داهێنەرانە خزمەت بە کۆمەڵگا و داهاتوو بکات و توانای جێبەجێکردنی هەبێت و نابێت دژبەری بەرژەوەندی کۆمەڵگا بێت.

زانای ئەمەریکی تۆماس ئەدیسۆن(١٨٤٧-١٩٣١) لە قوتابخانە دەرکرا، نەیتوانی تەنانەت بڕوانامەی سەرەتاییش بە دەست بهێنێت، دوای (٢٠) هەزار جار لە تاقیکردنەوە شکستی هێنا، ئینجا لە داهێنانی (گڵۆپی کارەبایی) گەیشتە ئەنجام، چیرۆکی ئەدیسۆن بۆ سەرکەوتن، بەهێزی و کۆڵنەدان و شەونخونی بوو.

چیرۆکی داهێنەرێکی دیکە بەناوی (کۆڵۆنێل ساندرز)، یەکێکە لەو چیرۆکانەی هەمیشە دەبێت گەنجان و دەرچووانی زانکۆکان کەڵکی لێوەبگرن و بێ ئومێد نەبن لە ژیان ئەویش بوون بە دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی کنتاکی فراید چیکن(KFC)ە، گەورە کۆمپانیای مریشکی کینتاکی سوورکراوە(Kentucky Fried Chicken).

کۆڵۆنێل لە (٥)ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی کردووە،لە (١٦) ساڵیدا وازی لە خوێندنهێناوە، لە ١٧ ساڵیدا لە چوار ئیش دەرکراوە، لە کاتێکدا ویستی لە کۆلێژی ماف بخوێنێت، بەڵام وەرنەگیرا، لە هەموو کارەکانی شکستی خوارد، لە ٢٠ ساڵیدا هاوسەرەکەی لێی جیابوویەوە، لە قاوەخانەیەکی بچووک بووە قاپشۆر، لە ٦٥ ساڵیدا خانەنشین بوو. بڕی (١٠٥$) وەک یەکەم مووچەی خانەنیشینی پێدرا. لە کۆتاییدا بڕیاریدا خۆی بکوژێت، چونکە لە هەموو کارەکانی شکستخواردوو بوو، لەژێر درەختێک دانیشتبوو تا وەسیەت بنووسێت، بەڵام لە ناکاو شتێکی بەهزر داهات، ئەویش تاکە شت شارەزایی لێهەبێت، چێشت لێنان بوو، رۆیشت (٨٧$) قەرزکرد، پەتاتە و چەند مریشکێکی کڕی بە شێوازی تایبەتی خۆی لێینا و دەرگا بە دەرگای دراوسێیەکانی  لە ساڵی 1952 لە ویلایەتی کینتاکی دەگڕا تا پێیان بفرۆشێت، کەچی ئەو کەسە خانەنشینە کە ویستی

خۆی بکوژێت لە (٨٨) ساڵیدا بووە ملیاردێرو لە ١٢٣ وڵات لەسەر ئاستی جیهان لقی کنتاکی کردۆتەوەو یەکێکە لە خواردنە خێرا بەناوبانگە جیهانیەکان و بۆتە براندێکی بەناو بانگ و رکابەری دەیان کۆمپانیای دیکە دەکات..

ئەوەی جێگەی تێڕامان و سەرنجە، گرینگترین شت لە پێشەنگکاری یا کارسازیدا داهێنان یا نوێگەرییە، بۆیە دەبنین لەسەر ئاستی جیهان زۆرترین داهێنان لە ئەمریکا کراوەو دوای ئەویش ژاپۆن و کۆریای باشوورو ئەڵمانیاو تایوان دێت، بەرازیل لە نێو وڵاتانی ئەمریکای لاتینی زۆرترین چالاکی لەو بوارە هەیە لە نێوان 2015 بۆ 20٢٠ نزیکەی ٣٠٠٠ هەزار داهێنان کراوە (براءة اختراع- Patents).

کۆریای باشوور کە بە یەکێک لە چوار پڵینگەکەی ئاسیا دادەنرێت لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوو لە ساڵی ١٩٤٥ یەکێک لە هەژارترین وڵاتانی سەرزەوی بووە کە داهاتی تاک ساڵانە لە سەرجەمی بەرهەمی ناوەخۆیی ١٠٠ دۆلاربووە، لە کاتێکدا ئەگەر ئێستا بەراوردی بکەین داهاتی تاک نزیکە لە داهاتی تاکی وڵاتانی ئیتاڵیاو ئیسپانیا، گەشەی ئابووری لە کۆریای باشوور لە ماوەی ٦٠ ساڵی رابردوودا بەشێوەیەکی خێراو بەرچاوە بەرزبۆتەوە نمونەی نییە لەسەر ئاستی جیهان لە مێژووی نوێدا.

ئەو گەشەپێدانە خێراو بێشومارە بۆ ئەو ستراتیژیەتە دەگەڕێتەوە کە لە وەبەرهینان بە توێژینەوەو پەرەپێدان کراوە، هاوشان لەگەڵ خەرجییەکانی لە پەروەردەو فێرکردن و ژێرخانی ئابووریدا یەکی دەگرتەوە کە بوە کلیلی دەرکەوتنی کۆمپانیا گەورەکانی (هیوندا، ئێڵ جی، سامسۆنگ) کە لە ئەمڕۆدا پێشەنگی داهێنان و تازەگەرین لەسەر ئاستی جیهان. هەندێ لە ئامارو داتاکان لە لایەن پەیمانگای یونسکۆ بۆ ئامارگەری بڵاوکراوەتەوە لەسەر ئاستی سەرتاسەری جیهان کە خەرجی (١.٧%) تریلیۆن دۆلار بۆ توێژینەوەو پێشخستنە کە 80% لەو بڕە لە(١٠) وڵاتدایە، وەک بەرازیل لە ئەمەریکای لاتینی کە (١.٢٪) وەبەرهێنان لە توێژینەوەو پەرەپێدان دەکات لە سەرجەمی بەرهەمی ناوەخۆیی، پاشان ئەرژەنیتن دێت کە (٠.٦٪)، مەکسیک (٠.٥٪)، چیلي (٠.٤٪) کۆلۆمبیا (٠.٣٪)، ئەگەر بەراوردی بکەین بە وڵاتانی باشووری بیابانی گەورەی ئەفەریقیا وەک کینیا (٠.٨٪) مالی (٠.٦٪) ئیثیوبیا (٠.٤٪) بەپێی ئامارە خەملێنراوەکان زۆرترین قەبارەی وەبەرهێنان لە بواری توێژینەوەو پەرەپێدان لە کۆریای باشوور و ئیسرائیلە کە هەریەکەیان (٤.٣٪) لە سەرجەمی بەرووبومی نەتەوەییە.

وەک ئاشکرایە زانکۆکان و دەرچووانی زانکۆکان و توێژەران رۆڵێکی سەرەکی و بەرچاویان هەیە لەو داهێنانە، لە زانکۆکانی ستانفۆردو بێرکلی، هیچ کات توێژینەوە ئەنجام نادەن کە نەبێتە داهێنان و کەڵکی کۆمەڵگای نەبێت و نەبێتە هۆی سەرچاوەی سەرمایەگوزاری لە داهاتوودا.
پاش ئەمەریکا و چین سیستەمی ژینگەی ئیسرائیلیش لەباربووە بۆ ئەوەی کۆمپانیا زەلاحەکانی ئەلیکترۆنی ئۆفیسیان تێدا بکەنەوە و وەبەرهێنان بکەن، کە بوونەتە هۆی ئەوەی زۆرترین دەرفەتی کاریان دەست بکەویت لە کۆمپانیاکانی فەیسبوک و ئەمەزۆرن و گۆگڵ.
پاشان ئەستۆنیا لانکەی کۆمپانیا دیجیتاڵییەکانە دوای ئیسرائیل لە کاتێکدا پێش (25) ساڵ نقوم ببوو لە قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان، ئەستونیا کەڵکی لە پەرەوەردەو خوێندنی بالاو هاونیشتیمانیان وەرگرت بۆ پێشخستنی پیشەسازی تەکنەلۆژی، حکومەتی ئەو ولاتە بڕیاریدا کە کە ئینتەرنێت مافێکە لە مافەکانی مرۆڤ و لە قۆناغی بنەڕەتییەوە هەموو کەسێک دەبێت کۆمپیوتەری هەبێت، تەنانەت هەڵبژاردنەکانیشی لە ڕێگەی ئۆنلاین بەڕێوەبرد.
ئەستۆنیا یەکێک لە ولاتانەی کە زۆرترین داهێنان لە سیستەمی ژینگەی دیجیتاڵی لە جیهان کردووە، هەندێ کۆمپانیای Transferwise و fits.me ، دروستکردوە کە

له جیهاندا به ناوبانگن، ئەوەش رەنگدانەوەی لەسەر ئابووری و خۆشگوزەرانی کردووە  له ساڵی ۲۰۱۱ەوە ئەستۆنیا به فەرمی له وڵاتێکی تازه پێشگەیشتووە بوە دەوڵەتێکی پێشکەوتوو پێوەرێکی باشی بۆ ئەو بازدانه داهێنانکارییە دانا.ئەگەر وا دابنێین منداڵیەتی سەردەمی دۆزینەوەکانەوەو پیری سەردەمی بیرکردنەوەیە، بەڵام تەمەنی گەنجی که ساڵی پێگەیشتنەو سەردەمی داهێنانە، به ناوبانگترین پیاوانی کار له مێژوودا وەک بیل گەیتس و ستیڤ جوبز یەکەم کۆمپانیایان دامەزراندن تەمەنیان ۲۰ ساڵ بوو، تێکڕای تەمەنی پیاوانی کاری داهێنەر یا کارساز له نێوان ۳۵ ساڵی بوەو زیاتر له ۹۰٪ زانکۆیان تەواو کردوە، سەبارەت به سەرمایەی وەبەرهێنانەکانیش زۆرترین سەرچاوەی هاوبەش بۆ وەبەرهێنانی یەکەم خانەوادەو هاوڕێییە، 58% کاره داهێنانەکانیان به بێ داهات بوە بۆ خەرجی و گوزەران، ئەمە له کاتێکدا پیاوانی کار سەرەتای دەستپێکی کارسازیان قەرزی بانکی بووە که هەندێکیان بڕی ($500) کەمتر بووە، ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ تێچووی هاندێکی مۆبایلی گەنجێک زۆر کەمتر بووە، بەتایبەت ئەو پێشەنگکارانه که سەکۆکانی گۆگڵ و میتنیگ و زووم و ..... هتد دروستکردووە.

**هۆکارەکانی پشتیوانی لە داهێنان و تازەگەری**

١.فێرکردن: گرینگترین هۆکاری یارمەتیدەر بۆ گەشەپێدانی داهێنان، بریتیە لە فێرکردن و راهێنان لەسەر هزری داهێنەرانەو چارەسەرکردنی کێشەکان بە رێگەی داهێنەرانە.

٢.لایەنە پشتیوانەکان: فەرهەنگی داهێنان لە نێو کۆمەڵگا بەوە پەرەی پێ دەردێت کە دامەزراوە گشتی و تایبەتەکان چالاکی هەمەجۆر بۆ پاڵپشتی گەنجان ساز بکەن، لە پەرەپێدانی توانا هزرییەکان و کردنەوەی پێشانگاو بەرنامەی هەمەجۆر بۆ دەرخستنی توانا شاراوەکان لە هەموو بوارەکاندا.

٣.پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگا: پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگاو ژینگەی کار زۆر گرینگە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان فێرکردن وجێبەجێکردن، هزری تازەگەری و داهێنەرانە پێویستە پەیوەست بێت بە کۆمەڵگا و بتوانرێت لە ئەرزی واقیع جێبەجێبکرێت.

٤..خانەوادە: رۆڵێکی جەوهەری لە گەشەپێدانی تایبەتمەندییەکانی تازەگەری و داهێنان دەبینێت، خانەوادە هانی منداڵەکانیان دەدەن لە مومارەسەکردنی رەفتاری پێشەنگکاری و بیرکردنەوەی داهێنەرانە و زەمینەسازی بۆ ژینگەیەکی لە بار دەکەن تا پشت بە خۆیان ببەستن.

**هەنگاوەکانی گواستنەوەی بیرۆکە بۆ دەرفەت**

١.هێنانەکایەی بیرۆکەکان: گەیشتن بە بیرۆکەی پڕۆژەی بچووک خاڵی سەرەتاو بنەڕەتی سەرکەوتنە، کاتێ گەیشتە بیرۆکەیەک کە توانای جێبەجێکردنی هەبێت و بتوانرێت بگوازرێتەوە بۆ پڕۆژەیەکی واقیعی و راستەقینە.

٢. دارِشتنی بیرۆکەکان: مەبەست لە دارِشتنی بیرۆکەکان،توانای راڤەکردنی بیرۆکەو گووزارشتکردنە لێ بە شێوەیەکی روون و دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی، هەروەها وەسفکردنی پێکهاتەکەی. ئەوەش بەمەبەستی بەشداریپێکردنی کەسانی دیکە تا بیرۆکەکان تەواو سەرکەوتووبن.

3.هەڵسەنگاندنی بیرۆکەکان: هەڵبەتە هەموو بیرۆکەیەکی پڕۆژەیەکی سەرکەوتوو دەبێت، یاخود دەرفەتێکی وەبەرهێنانی باشە، بۆیە هەرچەندە بیرۆکەکان باش بن، بەڵام پێویستی بە هەڵسەنگاندنی ژیرانە هەیە تا شکست نەخوات، بۆ ئەمەش ملکەچە بۆ هەڵسەنگاندن بە پێی پێوەری دیاریکراو تا یارمەتیدەر بێت بۆ بژاردەیەکی دروست و گونجاو.

دەشێ پێوەرەکان بەمجۆرەبێت:

١.پێوەری دارایی: ئایا توانای داراییت هەیە تا ئەو بیرۆکەیە بکەیتە پڕۆژە.

٢.پێوەری مرۆیی: ئایا کارامەیی و توانستی مرۆییت هەیە بۆ ئەو پڕۆژەیە.
٣.پێوەری بە بازارکردن: تا چەند ئەو بیرۆکەیە لەگەڵ خواستی بازاڕ هاوگونجە.
٤.هەڵبژاردنی بیرۆکەکە: لە قۆناغی کۆتاییدا بژاردیەکی شیاو دیاری دەکەیت، پاشان بە راوێژ لەگەڵ کەسانی شارەزاو بە ئەزموون کە پێشتر پڕۆژەی لەو جۆرەیان بەڕێوەبردووە بیرۆکەکە هەڵدەبژێرین تا رووبەڕوی شکست نەبیتەوە.

**زانیاری لەسەر بازاڕ**

کاتێ دەست بە پڕۆژەیەکی تازە یا کڕینی پڕۆژەیەکی دروستکراو دەکەیت، زانیاری لەسەر بازاڕ کارێکی گرینگە کە یارمەتیدەرە بۆ وەرگرتنی زانیاری لە کڕیارەکانت و پارێزگاری لە تواناکان دەکات بۆ روبەڕووبونەوەی رکابەرەکانت.
کاتێ زانیارمان لەسەر بازاڕ پەیداکرد دەگەڕێن بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارانە:
١.کڕیارە شاراوەکان کێ؟ کێن ئەوانەی بەرهەمەکەت بەکاردەهێنن؟ تەمەنیان چەندە؟ ئایا ئافرەتن یا پیاو؟ ئایا

منداڵی تێدایە؟ لە کوێ نیشتەجێن؟ ئایا ئەو ژمارەیە بەسە بۆ تەواوی بەرهەمەکەت.
٢.کێ کاریگەری لەسەر بڕیاری کڕینیان دەکات؟ ئەی بۆ کێ دەیاندۆزیتەوە؟ چ گۆڤارێک دەخوێننەوە؟ سەردانی چ پێگەیەکی ئەلیکترۆنی دەکەن.
٣. ئاڕاستەکانی بازاڕ چین؟ ئایا خواستی بەردەوام لەسەر ئەو بەرهەمە هەیە؟ ئایا گریمانەی گەشە لە بازاڕ هەیە؟ چەند قەبارەی فرۆشتن چاوەڕوانکراوە.

**شیکاری بازاڕ**

لە شیکاری بازاڕدا پێشەنگکار شیکاری بۆ ئەمانەی خوارەوە دەکات:
١.ژینگەی ئابووری: وەک هێزی کڕینی کڕیارەکانت، ئایا بە ئاسانی دەگەنە لای تۆ، شێوازەکانی خەرجکردنیان.
٢.ژینگەی کۆمەڵایەتی: وەک تەمەنی کڕیارانت، پێکهاتەی خانەوادە، ژمارەی منداڵ، لە کوێ دەژین.
٣.ژینگەی رکابەری.: ژمارەی رکابەرەکانت لە بازاڕ چەندەو پشکیان چەندە لە بازاڕ.
٤.شیکاری چوارینەیی(SWOT): شیکردنەوەی خاڵی (بەهێز- لاواز- دەرفەت- هەڕەشەکان) بەرامبەر پڕۆژە دەکات.

# تەوەرەی سێیەم

# پارەدارکردن و بە بازاڕکردن

**سەرچاوەکانی پارەدارکردنی پڕۆژە**

١.پارەدارکردنی بەکارهێنانی موڵکی کەسی: ئەو بڕەیە پارەیەیە کە خۆت لە ماوەی رابردوو پاشەکەوتت کردوەو دەبێتە سەرچاوەی داهات بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکە.

٢.پارەدارکردن لە رێگەی خانەوادە یا هاوڕێیان: بەهۆی ئەوەی خانەوادەو هاوڕێیەکانت متمانەیان پێت هەیەو پشتیوانیت دەکەن بۆیە ئامادەییان هەیە لە پێدانی بڕە سەرمایەک بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکەت.

٣.بەخشش و قەرزی حکومەت:حکومەت سندوقێکی بەناوی سندوقی قەرز یا بەخشش بۆ گەنجانی پێشەنگکار داناوە بۆ ئەوەی پڕۆژەی بچووک یا مامناوەندی ئەنجام بدەن، ئەوەش بە پێی هەندێ مەرجی تایبەت دەبێت.

**چەمکی پارەدارکردن Finance**

زۆر پێناسەی جیاواز بۆ چەمکی "پارەدارکردن" یاخود تەمویل کراوە، بەشێوەیەکی گشتی پارەدارکردن بریتییە لە چەند بنەما و پڕۆسەیەک بۆ دابینکردنی بڕە دارایی پێویست بۆ پڕۆژەیەک لە گونجاوترین سەرچاوەی دارایی فەراهەم بووە. چونکە تەمویل یەکێکە لە سەرچاوەکانی بونیادنان و دامەزراندنی دامەزراوەیەک یاخود کۆمپانیایەک و

مسۆگەرکردنی بەردەوامبوون و هەروەها فراوانبوونی دامەزراوەکە.

**هەژماری تێچووەکان**

هەژماری ووردی تێچووەکانی پڕۆژە بە گشتی وا دەکات هەوڵی ئەوە بدەیت تێچووەکان کەم بکەیتەوە و قازانجت زیاد بێت بەمەش سەرکەتوو دەبت لە پڕۆژەکەت، لەو روانگەوە کاتێ بەداوداچوونەوە بۆ ژمێریاری دەکەیت، دەتوانی کێشەکان دیاری بکەیت و چارەسەریان بۆ بدۆزیەوەو بزانیت ئایا فرۆشت کەم بۆتەوە یا نا.

تێچووی پڕۆژە دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر:

١. تێچووی سەرەتایی(دامەزراندن):

ئەو جۆرە تێچووە بۆ یەک جار خەرج دەکرێت لە سەرەتای دروستکردنی پڕۆژەکە  کە وەبەرهێنانی سەرەتایی یا تێچووی دامەزراندن دەناسرێت دەتوانرێت بە تێچووی نەگۆڕیش بیناسێنین وەک دیکۆری باڵەخانە، کورسی و مێز،....هتد.

٢.تێچووی بەگەڕخستن( بەکارخستن):

ئەو تێچووە گۆڕاوەو پێویستە بۆ بەردەوامبوون، رۆژانە یا مانگانە خەرجی بۆ دەکرێت وەک:(مووچەی مانگانەی

کارمەندان، ئاووکارەبا، ڕێکلام، کرێ، ئینتەرنێت، تەلەفۆنات،....هتد.

**بە بازاڕکردن**

بریتیە لە دابینکردنی بەرهەمی گونجاو، بە چەندییەتی دروست، لە شوێنی شیاودا، لە کاتی خۆیدا، هەروەها قازانج لێکردنی.

**ڕەگەزەکانی تێکەڵەکردنی بە بازاڕکردن4Ps**

١. بەرهەم (Product)
٢. دابەشکردن( شوێن) Place
٣. نرخ (Price)
٤. ڕەواجپێدان(Promotion)

**پێکهاتەکانی پلانی بازاڕگەری**

١. ئامانجی پلان
٢. ستراتیژیەت( نرخدانان، بەرهەمهێن، ڕەواجپێدان)
٣. بوودجە

# تەوەرەی چوارەم

# بیردۆزی و جۆرەکانی پێشەنگکاری

**زاراوەی پێشەنگکاری**

دوو زاراوە هەن کە بەشێوەیەکی فراوان بەکار دێن

١. ( Enterprise Education) کە زیاتر لە بەریتانیا بەکار دێت و پەیوەستە بە گەشەی تاک، عەقڵییەتی کۆمەڵگا، کارامابییەکان و توانستەکان.

٢. هەرچی ( Entrepreneurship Education)ە، لە ئەمریکا بەکار دێت و زیاتر بایەخ دەدات بە دەستپێشخەریکردن لەکار و بەخاوەن کار بوون.

**بیردۆزی پێشەنگاری ئابووری**

١. **تیۆری پێشەنگکاری ئابووری**

ئەم تیۆرە ڕەگی کوتاوەتە نێو تیۆرە کۆن و هەنووکەییەکانی ئابووری، هەروەها نێو پڕۆسەی بازاڕی نەمسایی.

٢. **تیۆری پێشەنگکاری سایکۆلۆژی**

کاردەکا لەسەر:

- تایبەتمەندیە کەسی و تاکیەکان.
- زیاتر جەخت دەکاتە لەسەر بەهرە جۆری و شاراوەکان.
- زیاتر بە ئاڕاستەی دەرفەت ڕەخساندن کار دەکات.

**٣. تیۆری پێشەنگکاری کۆمەڵایەتی**
ئەم تیۆرە جەخت لەسەر کۆمەڵگا دەکات.

**٤ .تیۆری پێشەنگکاری مرۆڤناسی**
بەگوێرەی تیۆری مرۆڤناسی کەسێ سەرکەوتووانە دەستپێشخەرییێکی سەرکەشانە بکات، دەبێ لە چوارچێوە کۆمەڵایەتی و کلتووریەکان بکۆڵێتەوە و لەبەرچاو بگرێت.

**٥. تیۆری پێشەنگکاری لەسەر بنەمای دەرفەت ڕەخساندن:**
بەگوێرەی ئەم تیۆرە پێشەنگکاران نابنە هۆی دروستکردنی گۆڕانکاری، بەڵکو ئەو دەرفەتانە دەقۆزنەوە کە گۆڕانکاری دروستیان دەکات.

**٦. تیۆری پێشەنگکاری لەسەر بنەمای سەرچاوە.**
بەگوێرەی ئەم تیۆرە گرنگی دەدا بە سەرچاوە دارایی و کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان.

## جۆرەکانی پێشەنگکاری

**١.پێشەنگکاری بچووک و ناوەند** (Small Medium Enterprise)

بازاڕە نێوخۆییەکان جەخت دەکەنە سەر چێشتخانەکان و دوکانی ئوتوی هەڵمی و خزمەتگوزایەکانی دیکە.

**٢.پێشەنگکاری داهێنان** (Innovation-Driven Enterprise)

بازاڕە جیهانیەکان جەختە دەکەنە سەر بەرهەمەکان و داهێنانکردن تیایاندا.

**٣.پێشەنگکاری فەرمی و نافەرمی:**

أ. پێشەنگگاری فەرمی: ئەو دامەزراوە بچووکانە کە بە فەرمی لەلایەن حکومەت تۆمارکراون و ملکەچی باج و رسوماتی حکومەتن.

ب. پێشەنگکاری نافەرمی: ئەو دامەزراوە بچووکانە کە لەلایەن حکومەت تۆمارکرانەکراون و باج و رسوماتی نادەنە حکومەت.

**٤. پێشەنگکاری یاسایی و نایاسایی:**

أ. پێشەنگکاری یاسایی: پەیوەست بە چالاکییە رێگا پێدراوو یاساییەکان.

ب.پیشەنگکاری نایاسایی: پەیوەست بە چالاکییە قەدەغەکراوو نایاساییەکان.

**٥. پێشەنگکاری پێویست و دەرفەت:**

أ.پێشەنگکاری پێویست: ئەو جۆرە تەنها بۆ بەرژەوەندی کەسییەو هیچ داهێنان و تازەگەری تێدا نییە.

ب. پێشەنگکاری دەرفەت: ئەو جۆرە زۆرترین بەشداری هەیە لە گەشەی ئابووری وڵات و دەرفەتەکان دەقۆزێتەوە بە مەبەستی وەبەرهێنان و تازەگەری و داهێنانی تێدایە.

**عەقڵیەتی کاری پێشەنگکاری**

- گەڕان بەدوای دەرفەت.
- وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە لە دەرفەت.
- قۆستنەوەی دەرفەت.

❖ **سەرچاوەکانی دەرفەت:**

- کێشەکان
- گۆڕانەکان
- دۆزینەوە تازەکان
- بەرهەم و خزمەتگوزارییە بەرجەستەکان (ئەوانەی لە ئێستادا لە بازاڕ هەن).
- زانیاری یا بیرۆکەی ناوازە.

❖ **لە کوێ بەدوای دەرفەتەکان بگەڕێین؟**

- ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.
- سەرچاوە بازرگانیەکان.
- ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت.

تێڕامانی(**نۆلان بوشنێل**) لە بارەی پێشەنگکاری ئەوەیە کە پێشەنگکاری ڕاستەقینە کەسێکە خەونەکان دێنێتە دی، نەوەکو کەسێک بێ کە تەنها خەونببینێت.

**سوودەکانی بوون بە پێشەنگکار**

- خۆت بەڕێوەبەری خۆت دەبیت.
- چێژ لە قازانجی ڕەنج و هەوڵی دەستی خۆت دەبینی.
- هەست بە فەخر و شانازیکردن بە کار یا بزنسی خۆت.
- ئازادی لە خشتەی کارت، چونکە کاری خۆتە و ئازادی کەی کار بکەی.
- هاندەرێکە بۆ سوود بینین لە سەرچاوە نێوخۆییەکان و دروستکردنی بەرهەم لێیان بۆ پێویستی نێوخۆیی و ناردنی بۆ دەرەوەی وڵات.

- گەشەسەندنی بازاڕەکان
- بەشداری کاریگەرت لە کۆمەڵگا و دەرکەوتنت بە هەوڵ و کۆششی خۆت.

### تایبەتمەندییەکانی پێشەنگکاری

- رازیکردن.
- متمانەبە خۆبوون.
- بیرۆکەی نویَ.
- گڕوتین.
- ناترسیَ لە شکست.
- رەخنە قبوڵ دەکات.
- خۆگرتن و بەردەوامبوون.

### ئاستەنگەکانی پێشەنگکاری

١.ناجێگیری لە داهات.

٢.مەترسی( زیانی وەبەرهێنان بە گشتی).

3.تەرخانکردنی کاتژمێری کارکردنی زۆر، پێویستە چەندان کاتژمێری خۆتی بۆ تەرخان بکەیت و کۆشش بکەی.

٤.ئاستی پەیوەندییە خانەوادەییەکان لاوازە.

٥.ئازار چەشتن لە گوشارکردن بۆ کارکردنی زۆر.
٦.بەرپرسیاریەتی گەورە.
٧.بێ هیوایی و ورەبەردان.
٨.قبوڵکردنی ژیانێکی کوالێتی نزمتر تاوەکو بزنسەکەت جێی خۆی دەگرێت.
٩.ڕەنگە هەندێجار پێویست بکات بڕیاری دژوارو قورس بدەی (بە کرێگرتن، دەرکردنی کەسێ ....هتد).
١٠.پێویستت بە بڕێ پارە دەبێت بۆ دەستپێکردن.
١١.پەیڕەوکردنی یاسا و ڕێنماییەکانی حکومەت لە کاتی کارکردن.
١٢.ڕەنگە سەرمایەیەکی لە ئەندازەبەردەر لە دەست بدەیت.

# تەوەرەی پێنجەم

# دامەزراندنی پڕۆژەی بازرگانی

**پڕۆژەی بازرگانی**

ئەگەر سەیری شەقامە سەرەکییەکانی نێو شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، ئەوا دەیان پڕۆژەی بازرگانی دەبنین وەک: فرۆشگەی سەوزەمیوە، دەرمانخانە، سوپەرمارکێت، شوێنی جل ئوتوکردن....هتد.

**پێناسەی پڕۆژەی بازرگانی؟**

پڕۆژەی بازرگانی ئەو چالاکییەیە کە تیایدا دەرامەت و موڵک بەکاردەهێنێت لە پێناو بە دەستهێنانی سوود لە کاتێکی دیاریکراودا.

- دەرامەتە بەکارهێنراوەکان وەک: ئامرازو ئامێرو کەرەستەی خاو و کرێکاران( سەرمایەی مرۆیی).
- موڵک وەک : سەرامایە.
- کەڵک – سوود: دەستکەوت و قازانج.
- کاتی دیاریکراو: وەک تەمەنی پڕۆژەکە ئایا مانگێکە ساڵێکە یا زیاترە.

**پۆلینکردنی پرۆژە بازرگانییەکان- چالاکیە بازرگانییەکان**

- کشتوکاڵی
- پیشەسازی
- بازرگانی
- خزمەتگووزاری

**پرۆژەی گەورە و بچووک**

**نمونەی لە سەر پرۆژەی بچووک:**

١. بازرگانی:وەک فرۆشتنی پێداویستیەکانی مۆبایل، فرۆشگەی یاری ئەلیکترۆنی، فرۆشگەی پێداویستیەکانی منداڵان، شیرنەمەنی، ....هتد.

٢. پیشەسازی: پیشەسازی پیشەی دەستی، دروستکردنی کێک و شیرنەمەنی، پیشەسازی دروستکردنی پلاسیتک و ناوماڵ.

٣. خزمەتگووزاری: پێشکەشکردنی خواردنەوەکان، خزمەتگووزاری (گەشتیاری، جوانکاری، گەیاندن و گواستنەوە، چاککردنەوەی مۆبایل و تەلەفۆن، چاودێری پێست، پاککردنەوەی جل.

٤. کشتوکاڵی: وەک کشتوکاڵی(گوڵ، سەوزەو میوە، نەمامگەی بچووک).

| پڕۆژەی بچووک | پڕۆژەی گەورە |
|---|---|
| سەرمایەی کەم | سەرمایەیەکی زۆر |
| ژمارەی کارمەندان سنووردار | ژمارەی کارمەندانی زۆر |
| قەبارەی فرۆشتن کەمە | قەبارەی فرۆشتن زۆرە |

**تایبەتمەندییەکانی پڕۆژەی بچووک**

١. دروستکردنی ئاسانە.
٢. شێوەی خاوەندارێتی خۆماڵییە.
٣. زانیاری وورد لەسەر کڕیارو بازاڕ ئاسانە.
٤. پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ کۆمەڵگە هەیە.
٥. بەڕێوەبردنی نەرمی تێدایەو چالاکییەکە سادەیە.

**هەنگاوەکانی دروستکردنی پڕۆژەی بچووک**

١.دیاریکردنی پڕۆژە: لێرەدا بەرهەمەکە دەستنیشان دەکەیت، ئایا بازاڕ پێویستی پێیەتی، کڕیارەکان کێن؟ بڕی چەند سەرمایەی دەوێت؟ لێرەدا هەنگاوی گواستنەوەی بیرۆکەیە بۆ دەرفەت و پاشانیش ناساندنی بە بازاڕ.

٢.ئامادەکاری بۆ پڕۆژە: بریتیە لە پلانی کارەکان، دیاریکردنی کرێکاران لە پڕۆژەو دەستنیشانکردنی شوێنی پڕۆژەکەو چۆنیەتی بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، داهاتی پێشبینیکراو، ئەگەرەکانی خەرجکردن.

٣.هەڵسەنگاندنی بژاردەکانی پڕۆژە: دیاریکردنی سەرچاوەکانی پارەدارکردن، یا پێشەنگکار پەنا بۆ پارە قەرزکردن دەبات یانا؟ لە کوێ و چەند قەرز دەکات؟ ئایا بە تەنها یا بە هاوبەشی پڕۆژەکە ئەنجام دەدات، لێرەدا کارەکانی پڕۆژە شێوەی یاسایی وەردەگرێت.

٤.جێبەجێکردنی پڕۆژە: بریتیە لە پڕۆگرامی کاتی جێبەجێکردنی پڕۆسەی پڕۆژەکەو کەی دەست پێ بکات؟ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پڕۆسەکەو دابەشکردنی کارەکان لە نێوان تیمی کار.

٥.پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی پڕۆژە: ئەو هەنگاوە هەڵسەنگاندنی ئەدای پڕۆژەو کرێکارەکان و قازانج و

جێبەجێکردنی ئامانجەکان و ڕێگەی پێداچوونەوەو پێشکەوتن و گەشەکردن لەگەڵ پلانی یەدەگی بۆ دەرچوون لە پڕۆژەکە.

**هۆکارەکانی سەرکەوتنی پڕۆژە**

١. **هۆکاری کەسی:**

- ❖ ڕادەی ماوەی کارکردنی ڕۆژانە تا دەگاتە دوو شەفت.
- ❖ دیسپلینی ڕۆژانەی کارکردن.
- ❖ پێویستە لێهاتووییەکانی وەک زمانی ئینگلزی، کۆمپیوتەر، پاشخانی کارگێڕی .....هتد هەبێت.
- ❖ ڕژدبوون لەلایەن وەبەرهێنەر بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی کار.

٢.**هۆکارەکانی پەیوەست بە پڕۆژە:**

- ❖ خوێندنەوەی سەرەتایی بۆ سوودی پڕۆژەکە.
- ❖ پێشخستنی توانا کارگێڕییە پێویستییەکانی پڕۆژە بە شێوەیەکی تەندروست.
- ❖ چاککردن و پاڵپشتیکردنی کاری بازاڕگەری کە وا دەکات زانیاری لەسەر بازاڕ هەبێت و کوالێتی بەرهەم بەرز بکرێتەوە کە هاوگونج بێت لەگەڵ خواستی بەکاربەر.

- بایەخدان بە ئەرکی پارەدارکردن و ژمێریاری، یارمەتی دانانی پلانی دارایی گونجاو دەکات بەشێوەیەکی دروست.
- بەکارخستنی تەکنیکی پڕۆژە کە یەکانگیر بێت لەگەڵ خواستی چالاکییەکان.

**٣.هۆکارەکانی پەیوەست بە ژینگە:**

- پلانی ناوەندی حکومەت بۆ چالاکی پڕۆژە بچووکەکان لەگەڵ لایەنی هاوکاری کە پێویستیەتی لە پارەدارکردن و بە بازاڕکردن.
- پاڵپشتیکردنی حکومەت لە پرۆسەی پێشخستنی پێشەنگکارەکان لە ڕێگەی هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆ پسپۆڕییەکان.
- پاڵپشتی داهێنان و تازەگەری لە زانکۆکان و هاندانی کەرتی تایبەت لە بەشداری پێشخستنی و پاڵپشتی توێژینەوەی زانستی پراکتیکی.
- هەماهەنگی لەگەڵ پڕۆژە گەورەکان و پێشکەشکردنی یارمەتی بە بازاڕکردن لەسەر ئاستی ناوەخۆیی و دەرەکی.
- هەماهەنگیکردن لەگەڵ لایەنە سپۆنسەرە جیاوازەکان بۆ دانانی بەرنامەی پارەدارکردنی هەمەچەشن.

**چۆن بتوانین دووربکەینەوە لە شکست؟**

١.تێگەیشتنی قوڵ بۆ پرۆژە.

٢.پێشخستنی پلانی کاری شیاو.

٣.بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی پارەدارکردن(تمویل)

٤.تێگەیشتن لە لیستە داراییەکان.

٥..بەڕێوەبردنی کەسەکان بە سەرکەوتویی.

٦.بایەخدان بە خوود.

# بەشی سێیەم

# ئەزموونی وڵاتان

## ئەزموونی پێنج وڵاتەکە

### ١.کۆریای باشوور

ئەو وڵاتە وڵاتێکی هەژارە لە دەرامەتی سروشتی، لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردوو یەکێک بوو لە سێ دەوڵەتە هەژارەکەی کیشوەری ئاسیا، کەچی ئێستا ئابوورییەکەی لە پلەی سێیەمدایە لە نێوان زلهێزە ئابوورییەکان لە کیشوەری ئاسیا، دوای ژاپۆن و چین و لە پلەی دوانزەهەم دێت لە ریزی زلهێزترین ئابوورییەکانی جیهان، ساڵی 2011 هەناردەی بە بڕی 556 ملیار دۆلاری ئەمەریکی بووە کە زۆرینەی ئۆتۆمێل و ئامرازی دروستکراو تەکنەلۆژیا بوە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە لە حەفتاکاندا بایەخی زۆریان بە خوێندن و زانست داوە، واتە زانست کلیلی وەرچەرخانی ئابووری و گەشەپێدان بووە، کە ئەزموونی کۆریای باشوور ئەوە بایەخ بە مرۆڤ دەدەن، مرۆڤ سەنتەرەی بەرهەمهێنانە، رەگەزی مرۆڤ کردەی یەکەمی گەشەپێدانە، کە سەرمایەیەکی راستەقینەو بنەڕەتی و پێویستە و توانای وەڵامدانەوەی هەیە بۆ ئاڵنگارییە سروشتییەکان لە دۆخ و جوگرافیای دژوار.

ژمارەی قوتابیانیان لە ساڵی ٢٠١٦ زیاتر لە ١٠٠ هەزار بووە، کە ڕێژەی 50% لە ئەمەریکا بونەو ئەوەی دیکە لە ژاپۆن و ئەڵمانیاو ئوستralیا و بەریتانیا نیوزلەندا و کەنەدا.

وەک یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئابووری کۆریای باشوور لە ساڵانی(٢٠٠٨-٢٠١٣)سەرۆکی کۆریای باشوور، بە ئامانجی پەیڕەوکردنی کۆمەڵێک ستراتیژ لە بەرزکردنەوەی وڵاتەکەی بۆ پلەی وڵاتە مەزنەکان، بۆ پلەیەک لە نێوان پێنج بەرزترین وڵاتانی هەناردەکار لە کاڵای کلتووری، هاوکات ئەمەش بووە هۆی بڵاوکردنەوەی نێودەوڵەتی کلتووری کۆری و زیاترکردنی پێشکەوتنی کۆریای باشوورو پرۆسەی پەرەپێدانی کاڵای کلتووری و بەرزکردنەوەی کاریگەرییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان لە ڕێگەی شەپۆڵێکی بەهێزەوە کە تەوژمەکەی بە جیهان بڵاوبێتەوە، کە کاریگەرییەکانی بە ئارامی و کاریگەرانە لە ڕێی زنجیرە دراما ڕوو بدات، بە ناردنی فەرهەنگی نەتەوەیی کۆری لە مۆسیقای کەی-پۆپ، دراما، کاڵاو کەرەستەی بەرهەمهێنراوی کۆریای باشوور بۆ جیهان، ئەو ستراتیژییەتە ئامانجی خۆی پێکا، کە ئابووری کۆریای باشووری بردە قۆناغێکی دیکە، واتە ئابووری کۆریای باشوور کاری لەسەر ئابووری کلاسیکی و تازە کرد.

### ٢. ئەزموونی کۆڵۆمبیا

ئابووری پرتەقاڵی لە کۆڵۆمبیا کە نووسەران ئیڤان و فیلیپ لە کتێبەکەیاندا باسیان کردوە بۆ هەموو کاڵاو خزمەتگووزاریەک پشت بە خاوەنداریەتی هزری و داهێنان دەبەستێت، ئەو کاڵاو خزمەتگووزارییە پۆلین دەکات بۆ سێ جۆر:

1.پۆلینی کلاسیکی بۆ خاوەنداریەتی هزری (هونەر، پەرتوک، فلیم، رادیۆ، رۆژنامە).

٢.ئەو کارانەی پشت بە ئەزموون و شارەزایی دەبەستێت (شانۆ، سەما، نمایشی جلوبەرگ، دیزاین، خواردن دروستکردن).

٣.کاری ژمارەیی (دیجیتاڵی) مەڵتی میدیا( یاری ڤیدیۆیی، پرۆگرامسازی و جاڕدان، میدیای نوێ ....هتد).

بە دیویێکی دیکە ئابووری پرتەقاڵی لە کۆڵۆمبیا هانی پیشەسازی رۆشنبیر و داهێنان دەدات، لە فرە جۆرکردنی چەشنەکانی وەبەرهێنان لە کۆڵۆمبیا، بەڵام ئایا کۆڵۆمبیا چی کەڵک لە ئابووری پرتەقاڵی دەبینیت؟ ئابووری پرتەقاڵی پلانی ئەوەیە کە ئاڕاستەی کۆڵۆمبیا بکات لەوەی دوور کەوێتەوە لە پشت بەستنی کلاسیکی بە سووتەمەنی

بەردین و هانی دەدات بۆ ئەوەی  گۆڕانکاری لە مافی خاوەنداریەتی و هاندانی بەرەو داهێنان بکات.

ئەو هەنگاوە باشە بۆ کۆلۆمبیا بۆ دوو هۆکارە:

١.خاوەنداریەتی هزری وەک هونەرو سینەما ٦٪ لە سەرجەمی بەرهەمی ناوەخۆیی جیهانی پێکدەهێنێت.

٢. دەرفەتی کار زیاتر دەکات و ڕێژەی بێکاری کەم دەکاتەوە و ئابووری دەپارێزێت لە داتەپەین و داڕوخان لە پیشەسازی کەرەستەی خاوی زەبەلاح وەک دابەزینی نرخی نەوت لە کۆلۆمبیا لە ساڵی ٢٠١٤ روویدا، هەروەک چۆن قەیرانی دارایی ساڵی 2008 نەیتوانی شوێنەوار بخاتە سەر کەرتی رۆشنبیری و ئەو وڵاتانەی ئابوورییەکەیان پرتەقاڵییە، لەگەڵ زێتر گرینگدانی ئابووری کۆلۆمبیا بە پاراستنی خاوەنداریەتی هزری، بازاڕی ئازاد گەشەی دەکات و لەلایەنی کێبڕکێ کە ڕێگەخۆشکەرە بۆ گەشەپێدانی هەموو جۆرە بیرۆکە دیجیتاڵییەکان لە ناوچەکەدا، لە رووی قەبارەی بەرهەمهێنانەوە ئەگەر وڵاتی کۆلۆمبیا وەربگرین ئەوا قەبارەی بواری رۆشنبیری(8.2) ملیار دۆلار بووە لە ساڵی ٢٠١٧ بە بەراورد بە ساڵی ٢٠١٠ کە قەبارەی (6.2)ملیار دۆلار بووە، لە نێویدا ئەو کەرتانەی کە زۆرترین پشکداریان هەیە، کتێبە تۆمارکراوە ڤیدیۆیی و

تۆمارە دەنگییەکانە بە ڕێژەی (٤٣٪) و کتێبە چاپکراوەکانیش (٢١.٩٪)و فێرکردنی رۆشنبیری(١٩.٣٪)و دیزانی ریکلامی(٨.٧٪)، هەروەها بەشداری ئابووری پرتەقاڵی لە سەرجەمی زیدە بەهای ئابووری ئەو وڵاتە بە ڕێژەی (١.١٪)یە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٠ بۆ ٢٠١٧، کە تێکڕای گەشەی لەبواری رۆشنبیری (٥.٥٪) ساڵانەیە لەم ماوەیەدا.

جا ئەگەر سەیری دەرفەتی کار بکەین لەو وڵاتەدا لە ڕێگەی ئەو ئابووریەدا ئەوە دەبنین (٢٤٧٨٤٩) کەس لە ساڵی ٢٠١٧ هەلی کاریان بۆ رەخساوە. بە شێوەیەکی گشتی ئابووری پرتەقاڵی لە جیهان بەرێژەی(٣٪)بەشداری دەکات لە سەرجەمی بەرهەمی جیهانی بە قەبارەی (٢٢٥٠)ملیار دۆلاری ئەمەریکی کە تیایدا(٣٠) ملیۆن کەس لەسەر ئاستی جیهان هەلی کاریان لەو ڕێگەیەوە بۆ رەخساوە لەو ساڵەدا.

ئەگەر تەماشا بکەین لەسەر ئاستی کۆلۆمبیاشدا ئەوا ئابووری پرتەقاڵی (٤٪)سەرجەمی بەرهەمی ناوەخۆیی ئەمەریکای باشوور پێکدەهێنێت بە بڕی(١٢٤)ملیار دۆلاری ئەمەریکی کە هەلی کار بۆ ملیۆنان کەس لە کەرتەکانی (سینەما و تەلەفزیۆن و مۆسیقاو کتێب و نمایشی جلوبەرگ و دیزاین و کاری دەستی و ئەندازیاری تەلارسازی و

ڕێکلام و پێشخستنی پرۆگرامەکان و بواری گەشتیاری و وەرزش .....هتد) رەخساوە، سەرباری بوونی هەلی وەبەرهێنان بۆ سەدان کۆمپانیای بەناوبانگی جیهانی لەسەر ئاستی کۆلۆمبیاو وڵاتانی دیکەی جیهانی وەک: سۆنی، دیسکەڤەری نێتۆرک، جۆمێۆ، ئێچ بی ئۆ،جام سێتی،ئەکسێنچە، بێلادرێکس،تێلمێکس....هتد.

لە ئەمەریکای لاتینی و ناوچەی دەریای کاریبی کۆمپانیاکانی وەک: ( MercadoLibre, OLX، Crystal Lagoons، Globant)لە نێو باشترینەکان و ناسراوترینەکانن کە سەرکەوتوون و هەزاران دەرفەتی کاریان رەخساندووەو چەندین شاری گەورەیان دروست کردووەو بۆ باشترین جۆری ژیان،کردنەوەی بازاڕ لە هەندێ شوێن پێشبینیکراو نەبوەو کارکرن لە ڕێگی ئۆنلاین و دەسهاتی بەرز بۆ وەبەرهێنان وەک پیشەسازی داهێنەرانە و رۆشنبیری کە وەبەرهێنانی سەرنج راکێشە بۆ ئابووری دیجیتاڵی و توانای فراوانبوونی هەیە، کێن ئەوانەی پیاوانی کاری داهێنەرن لە ئەمەریکای لاتینی و ناوچەی دەریای کاریبی؟ ئەو دوو شوێنە کیشوەری گەنجانن، لە کاتێکدا تێکرای تەمەنی دانیشتوان لە ئەوروپای رۆژئاوا لە نێوان 35 بۆ 46 ساڵە و ئەفەریقیا لە نێوان 17 بۆ25 ساڵە، بەڵام لەو ناوچەیە 22 بۆ 23 ساڵە و لە گواتیمال و هندۆراس 35 بۆ 36 ساڵەو لە

ئۆرۆگوای و ترینیدادو تۆباگۆ 20 ساڵە واتە لە ئەمەریکای لاتینی و ناوچەی دەریای کاریبی تێکڕای تەمەنی دانیشتوان 20 ساڵە و کە گەنجی پێگەیشتوون، لە ساڵی ٢٠١٣ زیاتر لە ١٠٧ ملیۆن گەنجی هەبووە کە تەمەنیان لە نێوان (١٤-٢٤) ساڵ بووە.

دەشێ لە هەرێمی کوردستانیش پشت بە هزرو ئەقڵی ئەو گەنجانە ببەسترێت کە ساڵانە زیاتر لە 30 هەزار گەنج لە کوڕان و کچان لە زانکۆ حکومی و تایبەتەکان بڕوانامە وەردەگرن، ئەمەش شۆڕشی پرتەقاڵی دروست دەکات.

لەو سونگەوە پێشەنگاری داهێنەرانە کاریگەری کۆمەڵایەتی هەیە و کارسازانیش لە ئەمەریکای لاتینی بایەخێکی زۆر بە بەشداری کۆمەڵگا دەدەن وەک یەکسانی رەگەزی و فێربوونی چاک و گەشەی پیشەسازی بەردەوام، سەرباری ئەوەی تەکنەلۆژیا کەڵکی کۆمەڵگای هەیە، بەشداری پێشەنگکاری داهێنەرانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەژاری، باشترکردنی شێوەکانی گەشەپێدانی بەردەوامی و رێگریکردنی هەرەسهێنانی ژینگەیی لە دەرەنجامی زیادبونی بەکارخستنی دەرامەتە سروشتییەکان بە شێوەیەکی لە رادەبەدەر، پیشەسازی داهێنەرانە سەرباری رۆڵی گەورە لە خۆشگوزەرانی کەسی

و دروستکردنی دەرفەتی کار، هەروەها بەشدارە لە باشترکردنی پرسە قوڵەکانی کۆمەڵگا وەک ئاشتەوایی و ئاشتی و هاریکاری مرۆیی، جگەل رۆڵی یەکلاکەرەوە بۆ گەڕان بۆ چارەسەر کارەساتە سروشتییەکان و تسۆنامی و بومەلەرزە.

شێف کلاوس مایر، دامەزرێنەری گۆستۆ کە یەکێکە لە خواردنگە بەناوبانگە بەتاموچێژەکانی پۆلیڤیا، جگە لە ئامادەکردنی خواردن ئەوە قوتابخانەیەک بوو کە ئامانجی ڕاهێنانی گەنجە پۆلیڤیەکان بوو تا ژیانی خۆیان بگۆڕن.

کۆڵۆمبیا کە یەکێکە لە گەورەترین وڵاتانی ئەمەریکای باشوور، پاڵپشتی و پشتگیری ئەو ئابووریە تازەیە دەکات دوای بەرازیل و مەکسیک. ئێستا لەو وڵاتەدا ئەنجومەنی ئابووری پرتەقاڵی نیشتیمانی دروستکراوە کە لە(12) ئەندام پێکهاتووە لە نێویاندا (7) وەزارەت هەیە.

ئابووری پرتەقاڵی چوارەمین گەورەترین ئابوورییە لە جیهان دوای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاو چین و ژاپۆن، نۆیەم گەورەترین سەرچاوەیەو چوارەم گەورەترین هێزی کارە کە دەخەملێنرێت بە (144) ملیۆن کرێکار لە کارە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆکاندا.

له ساڵی 2011دا (٦٤٦) ملیار دۆلار هەناردەی کاڵاو خزمەتگوزاری داهێنەرانەبوو، لە کاتێکدا بە ڕێژەی ٧٠٪ بە شێویەکی خێرا گەشەی کرد ئەوەش لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە هەڵکشا. بازرگانی داهێنەرانە کەمتر توشی هەڵبەزو دابەزی دەکات لە بازرگانی کاڵا یا کەرەستەی خاو، بە بەڵگەی ئەوەش لە قەیرانی دارایی جیهانیدا ڕووبەڕوی نەبویەوە وەک ئەوەی توشی کەرتی نەوت هات، لە کاتێکدا فرۆشی ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەی نەوت بە ڕێژەی ٤٠٪ لە ساڵی ٢٠٠٩ دابەزی، کەچی هەناردەی کاڵاو خزمەتگوزاری داهێنەرانە بە ڕێژەی ١٢٪ دابەزی، نزیکەی 1.77% لە هەناردەی جیهانی لە کاڵای داهێنانەرانەی ئەمریکای لاتینی و و ناوچەی دەریای کاریبیە. کەمتر لە سێ بەشی ئەو هەناردەیە بۆ وڵاتانی دیکەی ناوچەکەیە و زیاتر لە ٦٤٪ ئاراستەی ئابووری وڵاتانی پێشکەوتووە و کەمتر لە ٣٪ دەچێت بۆ بازاڕی وڵاتانی دواکەوتوو. بە پێی خەملاندنەکان یەک دەرفەتی کار لە کۆی ١٠ دەرفەتی کار لە بۆینس ئاریس لە کاری پیشەسازی ئابووری پرتەقاڵییە، ئەو جۆرە پیشەسازییە کە ٩٪ داهاتی نەتەوەیی پێکدەهێنێت.

لە کەرنەڤاڵی شانۆی ئیبرۆی ئەمریکی دوازدەهەم لە بۆگۆتا لە ٢٠١٠ کۆی ئامادەبووان 3.9ی ملیۆن کەس بوو(٥٠٠ هەزار لە شانۆ، ٤٢٠ هەزار لە شانۆی شارو(سیودادو تیاترۆ)، ٣ ملیۆنیش لە چالاکی نێو شەقامەکاندا.

مۆزەخانەو کۆمەڵەکان لە جیهاندا زیاتر لە ٤٣ هەزار کاری هونەری لە ڕێگەی (google art project) بەشداربونە لە کەرنەڤاڵی ریۆ ٨٥٠ هەزار کەس سەردانی کردووە لە ساڵی ٢٠١٢ بە بڕی ٦٢٨ ملیۆن دۆلار بەکارهێنانی دەوڵەت بووە، لەلایەکی دیکەوە (100) کاتژمێر ڤیدیۆ لە ماڵپەڕی یوتیۆب لە هەر خولەکێک دا لە مانگی ئابی ٢٠١٣ داونلۆد کراوە. هەروەها ژمارەی مامەڵەکانی ئەم کەرتە لەساڵەکانی 2002 و 2011 دا زیاتر لەدوو بەرامبەر زیادیکردووە لەنێوان ١٠ بۆ ١١ % ی بەرهەمی ناوخۆیی پوختەی کۆریای باشوورو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام هەرچی کەرتی یاری ڤیدیۆییە لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا بە ڕێژەی ٢٥٠٪ لە سەد زیادی کردووە.

هەروەها لەڕووی کارەوە پیشەسازییە داهێنەرەکان لەسەرتاسەری ئەوروپادا ژمارەیەکی زۆری کاری

دابینکردووە، لە ٢٧ وڵاتی یەکێتی ئەوروپا (5.8) ملیۆن دەرەفەتی کاری رەخساندووە.

ئەگەر تەماشای ئەزموونی فەڕەنسا لە ئەوروپا بکەین دەبینین نزیکەی یەک ملیۆن و حەفت سەدو پەنجا هەزار بیرمەند، فەیلەسوف، شاعیر، نوسەر، سینەماکار، مۆسیقی، شانۆکار، ....هتد لە هەموو نەتەوەکانی جیهان لە فەڕەنسا دەژین و بەرهەمیان مەعریفە داهێنانە و وڵاتی فەڕەنساش دەیانپارێزێت، لەبەرئەوەی بەشداری دەکەن لە بەرزبوونەوەی سەرجەمی داهاتی نەتەوەیی ئەو وڵاتە.

### ٣.ئەزموونی چین

چین، زەبەلاحترین ئابووری جیهانە، ئامانجی ئەو وڵاتە لە ناردنی قوتابیانیان تا بڕوانامە بە دەست بهێنن لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، بۆئەوە بوو کە خزمەتی وڵاتەکە بکەن و بەشداربن لە گەشەپێدان، هەروەها چین زۆرترین قوتابی لە دەرەوەی وڵاتەکەی دەخوێنن، کە پەیوەندی ئاڵوگۆڕی و هاریکاری زانستی لەگەڵ ١٤٥ وڵات هەیە لەسەر ئاستی جیهان، ئەوانەی لە دەرەوەش دەژیان چین سیاسەتی هاندانی گرتەبەر بۆ ئەوەی بگەڕێنەوەو تا پڕۆژە لە چین ئەنجام بدەن، بۆ سیاسەتی ناردنە دەرەوەش بەوە دەستپێکرد هەرکەسێک بچێتە دەرەوە بخوێنیت هەموو کاروبارە داراییەکانی لە ئەستۆی دەوڵەت دەبێت بەمەرجێک بگەڕێتەوە خزمەت بکات و پڕۆژەی وەبەرهێنانی هەبێت و هەرچی توێژینەوەی ئەنجامی دەدات لە پێناو گەشەپێدانی چین بێت، پەیوەندیەکی بەتینی لە نێوان قوتابیانی دەرەوە لەگەڵ نیشتیمانەکەیان دروست کرد بە ئامانجی گەشەپێدانی ئابووری و پزیشکی و پەروەردەو فێرکردن، لە ساڵی ١٩٩٦ وەزارەتی پەوەردەو فێرکردنی ئەو وڵاتە وەک لایەنی سەرپەرشتیار لەسەر ئەو قوتابیانە پلانی (تیشکی بەهار)ی داڕشت کە بایەخی ژینگەیەکی گونجاو بۆ ڕێنمایی قوتابیاندا بۆ خزمەتکردنی وڵات بە

شێوەو ئامرازی جیاواز، لە ماوەی دوو ساڵ ٦٠٠ قوتابی گەڕانەوە چین کە بەشداربوون لە کۆبوونەوە ئەکادمییە گرینگەکان و بەشداربوون لە توێژینەوەی هاریکاری بۆ پڕۆژە گەورەکان و توێژینەوە زانستی و فێرکردنی دەوڵەت، هەروەها بەشداریانکرد لە راهێنانی هەموو چین و توێژینەوەکان و هاوکاری وەبەرهێنانی پیشەسازی زانست و تەکنەلۆژیا و فراوانکردنی بازاڕی نێودەوڵەتیانکرد. بەپێی ئاماری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو زانست و رۆشنبری (یونسکۆ) چین یەکەم دەوڵەتە کە ئامادەکاری دەکات بۆ قوتابیانی دەرەوەی وڵاتەکەی کە ئەوانەی لە دەرەوەی چین دەخوێنن بەپێی ئاماری ٢٠١٦ زیاتر لە هەشت سەد هەزار قوتابیە، کە دوای ئەو وڵاتە هیندستان دێت کە زیاتر لە ٢٥٥ هەزار قوتابی کە سێ بەشیان لە ئەمەریکا دەخوێنن، کە لە سێ قوتابی بیانی لە ئەمەریکا یەکیان چینیە و ٤١٪ بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ٣٧٪ بۆ خوێندنی باڵایە. ئەوەی دیکە لە وڵاتانی ئوسترالیاو بەریتانیاو ژاپۆن هەندێ وڵاتی دیکە لە جیهان.

چل ساڵ لەمەوبەر، چینییەکان تێگەیشتن گەشەی ئابووری لە پێش دادپەروەری کۆمەڵایاتییەوەیە(دادپەروەری بە بێ گەشەسەندن دابەشکردنی دادپەروەری هەژارییە)،

چینییەکان تێگەیشتن بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر جیهان دروست بکەن، پێش هەموو شتێک پێویستە ببنە خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز،بۆیە ڕابردوویان فەرامۆشکرو کردیانە مێژوو لە پێناو داهاتوویەکی باشترو زۆر بوێرانە لە پێناو پێشکەوتنی وڵاتدا، دانیان بە هەڵەکانی خۆیاندا نا، دانیان بەو سیستەمە سیاسییە دانا کە لە جیهاندا باڵادەستە(ئابووری پێش سیاسەتە)، تێگەیشتن بوونی پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ وڵاتانی جیهاندا، فاکتەرێکی بە هێزی گەشەی ئابووری وسیاسی و فەرهەنگییە.
هەروەک دامەزراوەی ئابووری و کاری جیهانی لە 2020دا ئاشکرایکردووە ململانێی نێوان ئەمریکا و چین لەسەر سەپاندنی هەژموونی خۆیان بەسەر جیهاندا بەردەوامەو ئەگەر هەیە تێکڕای گەشەکردنی ئابووری لە چین لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا بە(٤.٥٪)بەرز دەبێتەوە، بەڵام ئەو گەشەکردنە لە ئابووری ئەمریکادا ڕوونادات. دامەزراوەکە پێیوایە وڵاتی ژاپۆنیش لە دوای ئەمریکا و چین، دەچێتە ریزبەندی سێیەمین وڵات لە ڕووی هێزی ئابوورییەوە.

**٤.ئەزموونی ژاپۆن**

سەرەتای ناردەنە دەرەوەی قوتابیانی ژاپۆن بۆ ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە کە سەدان

قوتابیان نارده ئەمەریکا و بەریتانیاو فەڕەنساو ئەڵمانیا بە ئامانجی زانینی نهێنیەکانی تەکنەلۆژیای رۆژئاواو ئەوروپا، هەروەها بانگهێشتی هەزاران شارەزاو ئەزموونداری بیانیان کرد بە پۆستی گەورەو لایەنی دارایی فریودەر بۆ یارمەتیدانی ژاپۆن لە دروستکردنی پەیمانگەو دامەزراوەی کارگەی پیشەسازی، سەرباری دروستکردنی تۆڕی ئاسنی شەمەندەفەر و کەڵکیان وەرگرت لە ئەزمونی ئامرازو کشتوکاڵی نوێ و شێوازەکانی.

ژاپۆن بە چوار قۆناغ تێپەڕیوە بۆ پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و پیشەسازی:

١. ماوەی ئامادەکردنی نوێکردنەوەو دروستکردنی کۆمەڵگەی ژاپۆنی ١٨٦٠-١٨٨٦.

٢. ماوەی وەرچەرخان لە نوێگەری و پیشەسازی کۆمەڵکەی ژاپۆنی ١٨٨٦-١٩١٤.

٣. ماوەی دروستکردنی کۆمەڵگای ژاپۆنی بۆ بەرهەمهینانی تەکنەلۆژی و پیشەسازی ١٩١٤-١٩٤٥.

٤. ماوەی دووبارە دروستکردنەوەی کۆمەڵگەی ژاپۆنی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و پیشەسازی لە دوای ١٩٤٥ لەو کاتەوە گۆڕانکارییەکی گەورە لە سیستەمی خوێندنکراوەو لە رەگەوە دەستکاری کراوە، لە فەلسەفەو ئامانج و ناوەڕۆک و ئامرازەکان ریگاکان و بەڕێوەبردندا، ئەو

رابوونە ئابووری و پیشەسازییە لە ناکاو بەدیارکەوت هی سالآنی پاش جەنگی دووەمی جیهای نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی کۆتای شەسەتەکانی سەدەی رابردوو، چونکە ئەو کاتەی قوتابیانیان ناردە دەرەوەو شارەزایەتی بیانیان هەبوو بۆ ئەوەی سوودیان لێوەربگرن لەو کاتەوە بناغەیەکی پتەویان دانا،  بۆ گەشەپێدان و خێرا کار گەیشتە ئەوەی ئێستا پیشەسازی ژاپۆنی لە هی ولآتانی ئەوروپاو رۆژئاوا لە پێشترەو لە رووی کوالێتی باشترەو لەلایەن بەکاربەر خواستی زیاتری لەسەر لەسەر ئاستی جیهان، گرینگترین شت کە ژاپۆن کەڵیان لێوەرگرتبێت ئەوەیە  سوود وەرگرتن بەوە لە ئەزموون و شارەزایی بیانی و کراونەوەی دیراسەکراوەی بۆ فەرهەنگی بیانی کە پردێکی پتەوی لەگەڵ رۆژئاوا دروست کرد لەو بارەیەوە، مامەڵەشی لەگەڵ رۆژئاوا وەک قوتابی و لەگەڵ مامۆستاکانی بوو، مامەڵەی تینویەتی زانست و مەعریفە، تەنانەت ئەو قوتابیە شتی زیاتری دەکردو داهێنان و نوێگەری دەکرد و لە مامۆستاکەی بەرزتر بویەوە، لەگەڵ ئەوەی ژاپۆن دەرامەتی سروشتی زۆر دەگمەنە و بە جەنگی کاولکاری رۆیشتەو،و کەچی ئەو ئەزموونە ئەو ولآتە پێمان دەڵێت پێوەری پێشکەوتن و بەهێزی بە خاوەنداریەتی سەرمایەی سروشتی نییە، بەڵکو مرۆڤ

چەندە توانای هەیە بۆ گۆڕانکاری بەرەو باشتر توانای پلانی دروستی هەیە، چۆن مامەڵە لەگەڵ توانا بەردەستەکان دەکات، بە عەقڵیەتێکی ژیری هۆشیارانە بەکاریان دەهێنێت بە باشترین بەکارهێنان لە پێناو پێشکەوتن. ژمارەی قوتابیانی ژاپۆنی لە دەرەوە بەپێی ساڵی ٢٠١٦ زیاتر لە ٣٠ هەزار قوتابیە کە نیوەیان لە ئەمەریکان ئەوەی دیکە لە بەریتانیاو ئەڵمانیاو فەرەنساو ئوستralیاو کەنەدایە لەگەڵ ئەوەشدا ساڵ بە ساڵ رێژەکە دادەبەزێت هەروەک لە ساڵی ٢٠١٧ بۆتە نزیکەی ١٩ قوتابی، لە رووی هێزی ئابووریشەوە ئێستا لە دوای ئەمەریکا و چین دێت.

## 5.ئەزموونی مالیزیا

ئەو وڵاتە ئابوورییەکەی پشت بە مەعریفە دەبەستێت، تەکنەلۆژیا ئەلیکترۆنی بە کوالیتی بەرز بەرهەم دەهێنێت و هەناردەی دەرەوەی دەکات، لە ساڵی ١٩٩٠ پلانێکی ستراتیژی دانا تا ببێتە وڵاتێکی پیشەسازی پێشکەوتوو تا ٢٠٢٠ ئامانجەکەشی پێکا، مالیزییەکان لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوو بە هاوکاری زانستی لەگەڵ ئوسترالیا بە پلانی کۆلۆمبۆ (Colombo Plan) ناو دەبرێت، ئەوەش مانای ئەوەیە مالیزییەکان بە سەرکردایەتی محەمەد مەهاتیر بایەخیان بە زانست داوە لە دەرەوەی وڵات، کە زۆرینەیان لە ئوسترالیا دەیانخوێند، کە نزیکەی 250 هەزار قوتابی لەوێ دەخوێنن، پاشان حکومەتی مالیزیا بانگهێشتی پەیمانگاو زانکۆ ئوسترالییەکانیان کرد کە لقیان لەو وڵاتە بکەنەوە.

ژمارەی قوتابیان بۆ بە دەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس زیاتر لە ٦٤ هەزار قوتابی بووە، کە نیوەیان لەو رێژەیە لە بەریتانیاو ئوسترالیا دەیانخوێند.

ئەو پێنج وڵاتە نمونەی دیارن کە وەبەرهێنان لە فێرکردن و راهێنان و ناردنەوەی قوتابیان کردووە، ئەو پێنج وڵاتە سوودیان لە ئەزموون و شارەزایی پێشکەوتنە سەردەمیەکانی وڵاتانی پێشکەووتو وەرگرت و ئێستا لە

کێبڕکێی ئەو وڵاتانەدان، کە ئێستا ئەنجامی یا بەرهەمی ئەو وەبەرهێنانە دیراسەکراوە لە شۆڕشی تەکنەلۆژیا و گەشەپێدانی ئابووری و پیشەسازی مەزن دەبنین.

ئەوەش بۆ توانای ئەوانە دەگەڕێتەوە کە ئەو قوتابیانەی لە دەرەوەی وڵاتن بە هەگبەی پڕ لە زانست و زانیاری سەردەمیانە کە چەکدارکرابوون بە مەعریفەو شارەزایی و لێهاتوویی تا خزمەت بە وڵاتەکەیان بکەن لە بێداربونەوە پێشکەوتنەکان.

ئەو پێشکەوتنانە هاتوونەتە کایەوە لەو وڵاتانە بۆ بوونی کەرەستەی خاوو سامانی سروشتی ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ بایەخدان بە مرۆڤ و گەشەپێدانی سامانی مرۆیی دەگەڕێتەوە، لەگەڵ دەرفەتدان و زەمینەسازی مرۆیی بۆ داهێنان و بەشداری هۆشیاریانە کە نهێنی ئەو سەرکەوتنە بوو، رایەڵەی سەرەکی و ئەو وەرچەرخانە ئابووریە ئەوەیە کە بایەخی زۆر بە خوێندن و زانست و پاشان راهێنان و مەشقکردن دراوە لەو وڵاتانە.

**زەمینەسازی ئابووری پرتەقاڵی لە کوردستان**

لە جیهانی ئەمڕۆی پێشکەوتنە خێراکاندا، ناشێ گەلی کوردیش وەک گەلانی دیکە هەوڵەکانی نەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی بەشداربێت لە پێشەوەچوونی جیهان، نەمازە کە نەتەوەی کورد هێشتا لە قۆناغی رزگاریخوازی دایەو پێویستی بە خۆناسناندنە لەسەر ئاستی جیهان، لەلایەکی دیکە هەنگاوەکانمان بە کرداری بۆ ئابوورییەکی بەهێز هێشتا کاری لەسەر نەکراوە، چونکە دروستکردنی دەوڵەت، بەبێ ئابووریەکی بەهێز سەرکەوتوو نابێت، بۆیە یەکێکە لەو نەخشەرێگایانەی دەبێت کاری لەسەر بکرێت پیشەسازی کلتووری و رۆشنبیرییە، یاخود ئابووری پرتەقاڵییە تا بتوانین لەسەر بنەمای هزری داهێنەرانەی رۆشنبیرییەوە، باز بدەین لە ئابوورییەکی کلاسیکی بەرخۆری پشت بەستوو بە نەوت، بەرەو ئابوورییەکی مۆدێرنی پشت بەستوو بە مەعریفەو پیشەسازی رۆشنبیری داهێنەرانە، چونکە هەم ئامانجی کەمکردنەوەی بێکاری و بەرزبوونەوەی رێژەی بەگەڕخستن دەپێکین، هەمیش سەرچاوەیەکی دیکەی داهاتی نەتەوەیی دەدۆزینەوەو فەرهەنگی فرە سەرچاوەی داهاتیش دەبێتە ستراتیژی ئابووری هەرێمی کوردستان.

بێگومان کارکردن لەسەر ئەو جۆرە ئابوورییەش مانای ئەوە نییە، بێ کەموکوڕی بێت لایەنی نەرێنی و بێهێزی نەبێت، یاخود ناشێ لەمپەریشی لەبەردەمدا نەبێت و رووبەڕووی ئاستەنگی هەمەجۆری بابەتی و خودی نەبێتەوە، بەڵکو هەم خاڵی بەهێزو لاوازو هەمیش لایەنی نەرێنی و ئەرێنی هەیە، لە هەمان کاتیشدا لەکاتی هەنگاونانی کرداریدا رووبەڕوی ئاستەنگی هەمەچەشنیش دەبینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ژینگەی سیاسی و کارگێڕی و ئابووری هەرێمی کوردستانیش لە نێو گێژاوی بڵاوبوونەوەی جۆرەها نەخۆشی جیهانی و داتەپینی بازاڕ و کورتهێنانی بوودجەی ساڵانەو کەمبوونەوەی داهاتی نەتەوەیی، دەرفەتێکی لە بار رەخساوە بۆ ئەوەی حکومەت گوێ لە شارەزایان و پسپۆڕانی کارگێڕێ و دارایی بگرێت بۆ ئەوەی بڕیارێکی بوێرانە لە بەرژەوەندی گشتی بدات و چیتر لە سایەی ئاڵای کوردستان، گەندەڵی کارگێڕی و دارایی ئەنجام نەدرێت و لە پاڵ بچووکردنەوەی پەیکەری کارگێڕی حکومەت، خەرجییە گشتییەکان بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان و مووچەی کارمەندان بە شێوەیەکی یەکسان و دادپەروەرانە بێت لەپاڵ ئەوەشدا شێلگێرانە و کوردستانیانە سەرچاوەکانی داهات فرەتر بکەن.

## سەرچاوەکان

ئەو سەرچاوانەی کەڵکم لێوەرگرتوون بۆ نووسینی ئەم پەرتووکە، ئەم سەرچاوانەی خوارەوەن:

أ. سەرچاوە کوردییەکان

١. د.ئەیوب ئەنوەر سماقەیی، رەنگە ئابوورییەکان، ژمارە(40) گۆڤاری ( زانکۆپرێس) لاپەڕە(٣٧)، ٢٠١٠، هەولێر، کوردستان.
2.م.هەوران عەبدوڵلا، بابەتی پەروەردەی پێشەنگکاری، سەنتەری پەروەردەی پێشەنگکاری سەلاحەدین بۆ ڕاهێنان و توێژینەوە، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر،2019.
٣.هۆشمەند رفیق، ئابووری پرتەقاڵی،لاپەڕە(٢٢)گۆڤاری سامان،ژمارە(31)، ٢٠٢٠، هەولێر، کوردستان.
٤. ئیسماعیل هەورامی،(٢٠٢٠)، لە لاپەڕەی تایبەتی نووسەر بڵاوکراوەتەوە(https://www.facebook.com/ismail.hawramy.39

ب. سەرچاوە عەرەبییەکان

١.عبدالعزيز بن عبدالله بن طالب، النفط القادم،ط٢، نشروالتوزيع العبيكات، ٢٠١٨، المملكة العربية السعودية.
٢.اداردي دي بونو، ترجمة: د.شريف محسن، قبعات التفكير الست، ط٥،نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع ٢٠٠٨،
٣.نبيلة، مسيليتي، سليمة،بن زعمة، دور الصناعة الثقافية في دعم النشاط الاقتصادي،٢٠١٩. كلية العلوم الاقتصاديةو والتجارية علوم التسيير، جامعة عبدالحميد بن باديس، الجزائر.

٤.وفاء بنت ناصر المبريك و أحمد بن عبدالرحمن الشميميري، (٢٠١٨)، مبادىء ريادة الأعمال: المفاهيم والتطبيقات الأساسية لغير المختصصين، نشر والتوزيع العبيكان، مملكة العربية السعودية.
٥.عبدالحميد مصطفى أبوناعم، ريادة الاعمال،(٢٠٢٠)، كلية التجارة، جامعة القاهرة، مصر.
٦.عامر خربوطلي، (٢٠١٨)، ريادة الاعمال وإدارة المشروعات الصغيرة والمتوسطة، منشورات الجامعة الافتراضية السورية، الجمهورية العربية السورية .
٧.فاطمة الصيفي و علياء محمود جراد،(٢٠١٩) ريادة الأعمال و المشروعات الصغيرة، كلية التجارة جامعة الاسكندرية، مصر.
٨.عبير حسن رمضان و محفوظ سويد،(٢٠١٩) ريادة الأعمال و المشروعات الصغيرة، كلية التجارة جامعة الاسكندرية، مصر.
٩.ياسر سالم مري،(٢٠١٣)، ريادة الأعمال الصغيرة والمتوسطة و دورها في الحد من البطالة في المملكة العربية السعودية: دراسة تحليلية مقارنة، اطروحة الدكتورا غير المنشورة، جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية، مملكة العربية السعودية.
١٠.احمد عادل زيدان، الصناعات الثقافية والابداعية،٢٠٢٠ (https://www.elbalad.news/4315738)
١١. سلامة عودة، الصناعات الثقافية تاريخ وهوية،٢٠١٩.
١٢. اشرف زكي، ملتقى عمان الثقافي ١٦، الصناعات الثقافية والفنية- تجارب عربية وعالمية،٢٠١٩ https://www.atitheatre.ae /
**١٣.** جلسة حوارية افتراضية نظمتها اللجنة العربية للتربية والثقافة والعلوم «ألكسو»، مستقبل المهن الثقافية والإبداعية، ٢٠٢٠، https://www.alroeya.com

١٤. إسلام جمال الدين شوقي ، ألوان الاقتصاد العشرة،2020.
حياة العربية اليومية(https://www.elhayatalarabiya.net)
١٥. داود فرحان، الثورة ألوان الاقتصادية، الشرق الاوسط، ٢٠١٩،
(https://aawsat.com/home/article/1814086,)

ج.سەرچاوە ئینگلیزییەکان

1. Felipe Buitrago Restrepo, Iván Duque Márquez, La-Economía-Naranja-Una-oportunidad-infinita, 2013.
2. Leticia Gasca, executive director, The Failure Institute Alejandra Luzardo, lead specialist, Inter-American Development Bank, Launching an orange future2018.
3.M. Lhermitte, B. Perrin and S. Blanc. (2015). EY. Cultural times:
The first global map of cultural and creative industries. Available in: http://www.ey.com/Publication/vwLUAssets/ey-cultural-times-2015/$FILE/ey-cultural-times-2015.
4. https://www.colibricontent.com/investing-in-colombia-orange-economy.
5. https://e3arabi.com
6. https://www.spa.gov.sa/1847480.
7.https://business.tutsplus.com/ar/articles/7-business-ideas-to-make-money-in-the-creative-economy--cms-26195.
8.The development state and education advance in east Asia,Masaki Abe, Research Note,Educate,VOL.6,No.1,2006.

## هۆشمەند ڕەفیق



- ❖ لە ٢٢ی ئابی ١٩٧٩ لە گوندی بیستانەی گەورە- قەزای دەشتی هەولێر- پارێزگای هەولێر لە دایک بووە.
- ❖ لە ساڵانی ٢٠٠٤-٢٠٠٨ نوێنەری قوتابیانی زانکۆکانی (سەلاحەدین- هەولێر، هەولێری پزیشکی)بووە.
- ❖ سەرنووسەرو بەڕێوەبەری نوسینی ژمارەیەک ڕۆژنامەو گۆڤار بووەو خاوەنی دەیان وتارو شیکاری ئابوورییە.
- ❖ **نوسەری ژمارەیەک کتێب و نامیلکەیە وەک:**

١. نامیلکەی (بە جیهانیکردن) لە ساڵی ٢٠٠٥.
٢. کتێبی (ئازادی ڕۆحی زانکۆیە) لە ساڵی ٢٠٠٥.
٣. نامیلکەی (ڕۆژی شەهیدی زانکۆیی) ٢٠١٣.
٤. کتێبی (ڕۆژی ئاڵای کوردستان) لە ساڵی ٢٠١٩.
٥. کتێبی (پ.د.احمد انور دزەیی، قوتابییەکی ژیر، مامۆستایەکی پەروەردەیی لێهاتوو، سەرکردەیەکی ئەکادیمی سەرکەوتوو) لە ساڵی ٢٠٢٠.
٦. کتێبی شیعری(فرمێسکی زووخاو)ی ڕەفیق ئیبراهیم بیستانەیی(هۆشکار)، لە ساڵی ٢٠٢٠.
٧. کتێبی(زانکۆ و کۆمەڵگای مەدەنی) لە ساڵی ٢٠٢٠.
٨. کتێبی(تیرۆری ئابووری) لە ساڵی ٢٠٢٠.

**بۆ پەیوەندی:**

E-Mail: hoshmand.ibrahim@su.edu.krd
Facebooke: https://www.facebook.com/hoshmand.rafiq
Mobile: +9647504468829